حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی پەروەردەی وەرزش وبنەڕەتی
سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی – سلێمانی
بەشی پەروەردەی هونەریی – قۆناغی سێیەم

# پێوانە و هەڵسەنگاندن

ئامادەکردنی
م. کارزان محمد عارف

٢٠١٥ – ٢٠١٦

## پێوانە و هەڵسەنگاندن :-

گومانی تێدا نیە پرۆسەی هەڵسەنگاندن مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو لەو رۆژەوەی مرۆڤ راست و چەپی خۆی زانیوە. بەکاری هەڵسەنگاندنی شت و دیاردەکانی چواردەوری هەڵساوە ، واتە زانیویەتی وەرزی زستان ساردو وەرزی هاوین گەرم و هەندێك شت رەق و هەندێکی تر نەرم ، یان گۆشتی ئاژەڵێك خۆشتر و بە تام ترە لە گۆشتی ئاژەڵێکی تر . دواتر کاتێك مرۆڤ فێری پیشەو کارێك بوو ئەوا لە کاتی کارکردن و راهێناندا ، توانیویەتی لێهاتوویی شاگردو کەسانی تری چواردەوری هەڵبسەنگێنێ و بڵێ ئەم باشترو سەرکەوتووترە لە ئەوەی تر . دوای ئەوەش کە قوتابخانەو خوێندنگا دروست بوون ، ئیتر زیاتر گرنگی بە پرۆسەی پێوانەو هەڵسەنگاندن دراو لە رێگەیەوە تواناو لێهاتوویی و خاڵە بەهێزو لاوازەکانی فێرخوازەکانی پێ دیاریدەکرا .

پێش هەزارەها ساڵ چینیە کۆنەکان تاقیکردنەوەی جۆراو جۆریان بۆ هەڵسەنگاندنی توانای تاکەکانیان و هەڵبژاردنی سەرکردەو لێپرساو و بەڕێوەبەر و فەرمانبەری سەرکەوتوو بلیمەت بەکارهێناوە ، هەروەها لە کۆمەڵگای یۆنانی کۆن فەیلەسوفەکانی وەك ( سوقرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ ) فێرخوازەکانی خۆیان هەڵسەنگاندووە لە رێگەی تاقیکردنەوەی زارەکی و پرسیاری جۆراو جۆرەوە ، تواناو لیێهاتوویەکانیان دیاری کردووە.

ئیتر بەم شێوەیە مرۆڤ لە سەرجەم قۆناغەکانی ژیانی و لە هەموو کۆمەڵگاکان پێویستی بە پێوانەو هەڵسەنگاندن بووەو بەکاری هێناوە ، هەرچەندە لەسەرەتادا جۆری تاقیکردنەوەو کەرەستەو ئامێرەکان سادەو ساکارو هەندێك جاریش کرچ و کاڵ بوون ، بەلام لەگەڵ هەموو ئەو کەم و کورتیانە ، هەر بەکاریان هێناوەو لە ژیانی رۆژانەدا سوودیان لێوەرگرتوون ، سەرەتا زۆربەی تاقیکردنەوەکان زارەکی بوون دواتر بوون بە نووسین ، یەکەم جار زیاتر بۆ هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی و پیشەو فێربوون بەکار دەهات ، دواتر گەشەی کردوو پەل و تەرزی هاویشت بۆ بواری پێوانە کردنی زیرەکی و کەسایەتی و حەزوو ئاراستەو بەهرەو داهێنان .

جێگای خۆیەتی کە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ، ئەویش ئەوەیە کە ( ئەلفرید بینیە ) ی فەرەنسی یەکەم کەسە کە لە ساڵی ( ١٩٠٥ ) بەهاوکاری ( سیمۆن ) ی هاوەڵی یەکەم زیرەکی پێویان ئامادەکردو بە مەبەستی پێوانەکردنی زیرەکی و لێهاتوویی و توانای فێربوونی فێرخواز ، بەکاریان هێناو لە رێگەیەوە منداڵ و فێرخوازە زیرەك و بلیمەتەکانیان لە منداڵ و فێرخوازە مام ناوەندی یان دواکەوتوو بیرکۆڵەکان ، جیادەکردەوە ، ئەم زیرەکی پێو و تاقیکردنەوەی بینیە بوو بە سەرچاوەو هاندەر بۆ لەدایك بوون و دانانی چەندەها ئەزمون و تاقیکردنەوەو زیرەکی و بەهرە پێو.

## پێوانەكردن ( القياس ) (Measurement) :-

چەمك و زاراوەی پێوانەكردن ، لەلای زۆربەمان ئاشكرایەو رۆژانە گوێ بیستی دەبین ، چونكە وەستاو كرێكارو ئەندازیار رۆژانە پێوانەی درێژی و پانی و بەرزی خانوو زەوی و دیوار دەكەن، هەروەها بازرگان رۆژانە لە رێگەی مەترەكەی دەستی پێوانەی قوماش دەكات ( قەساب و گۆشت فرۆش، سەوزەو میوە فرۆش ...... هتد ) رۆژانە لە رێگەی تەرازوو كیلۆكانیانەوە پێوانەی ئەو كەل و پەل و شتانە دەكەن كە بە هاوولاتیانی دەفرۆشن ، لە هەمووشیان گرنگتر، پێوانە كردنی لێهاتوویی و فێربوونی فێرخوازەكانە، كە بەردەوام مامۆستا لە رێگەی تاقیكردنەوەكانەوە پێوانەیان دەكات، بەلام لەگەڵ بەر بلاوی بەكارهێنانی زاراوەی پێوانەكردن تاوەكو ئێستا پێناسەیەكی سەرتاسەری و گشت گیری و هەمەلایەنە بۆ زاراوەی پێوانەكردن نیە ، *بەڵكو كۆمەڵێك پێناسەی جۆراو جۆر هەیە كە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن :-*

١ - پێوانەكردن مانای وەسف كردنی دیاردەو شتەكان بە بەكارهێنانی ژمارەكان.

٢ - پێوانەكردن بریتیە لە پێدانی ژمارەكان بە شت و دیاردەكان بە پێی جۆرە یاساو رێسایەكی دیاریكراو.

٣ - پێوانەكردن بریتیە لە كۆكردنەوەی زانیاری و داتا لەسەر خاسیەت و مۆركی بوونەوەر و دیاردەو تەنەكان، بەمەبەستی دیاریكردنی برِەكانیان

لە بواری دەروونزانیدا ، پێوانەكردن مانای دیاریكردنی خاسیەت و خەسڵەتەكانی مرۆڤە ( عەقڵی و هەڵچوونی و كۆمەلایەتی و جەستەیی و جووڵەیی ) لە رێگەی پێدانی ژمارەو دیاریكردنی برِی ئەو خاسیەتە ، هەروەها لە بواری پەروەردەو فێركردنیشدا ، پێوانەكردن بریتیە لە دیاریكردنی برِی فێربوونی فێرخواز ، ئەویش لە رێگەی بەكارهێنانی جۆرەها تاقیكردنەوەی زارەكی و نووسین و جێبەجێكردنی كارەكە لە بواری پراكتیكیدا .

پێوانەكردن یان ***راستەوخۆیە*** ، كاتێك كە پێوانەی درێژی یان كێشی كەسێك یان دیاردەیەك دەكەین ، یان ***ناراستەوخۆیە*** ، لە كاتێك كە لە رێگەی گەرمی پێوەوە پێوانەی پلەی گەرما دەكەین. یان كاتێك لە رێگەی زیرەكی پێوەوە ، پێوانەی زیرەكی مرۆڤ دەكەین . لە راستیدا هەموو دیاردە دەروونیەكان ناراستەوخۆ پێوانە دەكرێن ، لەبەر ئەوەی بوونی ماددیان نیە ، بەڵكو ئێمە خۆمان ناوەكانی وەك ( زیرەكی ، ئازایەتی ، بیركردنەوە ، داهێنان ، كەسایەتی ، تورەبوون ، شەرم ، ترس ، بەهرە ..... هتد ). لەو دیاردەیە دەنێین . بەلام لە راستی و واقیعیدا هیچ بوونێكی ماددی و بەرجەستەكراوی نییە ،

واتە ئەگەر جەستەی مرۆڤ توێ توێ بكەین ، ئەوا هەست بە بوونی ( گورچیلە و دڵ و سی و ریخۆڵەو مێشك ) دەكەین، بەلام شتێك نادۆزینەوەو هەست بە بوونی شتێكی ماددی ناكەین كە ناوی ( بیركردنەوە یان زیرەكی یان

تووڕەبوون یان شەرم بێت)، بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێوانەی ئەو دیاردە دەروونیانە دەکەین، ئەویش لە ڕێگەی ڕەفتارو هەڵس و کەوتی دەرەکیەوە. واتە ئێمە کۆمەڵێك پرسیار وەك زیرەکی پێوێك دەدەین بە ژمارەیەك فێرخواز ، کێ زۆرترین نمرەی لەسەر ئەو زیرەکی پێوە وەرگرت ، دەڵێین ئەو کەسە لە هەموویان زیرەکترە ، بەلاّم ئەو کەسەی لە هەموویان کەمتر نمرە وەردەگرێ ، پێی دەڵێین دواکەوتوو بیرکۆڵە ، کەواتە ئێمە لەڕێگەی وەلاّمەکانی فێرخوازەکانەوە ، زیرەکی و تەمبەڵی و بیرکۆڵی دیاری دەکەین ، هەروەها بەهەمان شێوەش لەڕێگەی ( گۆڕانکارییەکانی دەم و چاوو زەرد هەڵگەڕان و لێدانی دڵ و هەناسەدان .... هتد ) دەست نیشانی کەسی ترساوو هەڵچوو دەکەین .

پێوانەکردنی ڕاستەوخۆ ئاسانترو وردتر و ڕاستگۆترە لە پێوانەکردنی ناڕاستەوخۆ ، لەبەر ئەوەی لە پێوانەکردنی ڕاستەوخۆدا یەکسەر پێوانەی دیاردەکە ﴿درێژی، پانی، بەرزی، کێش ... هتد﴾ دەکەین و لەبەرچاوە بەلاّم لە پێوانەکردنی ناڕاستەوخۆدا پێوانەی دیاردەکان ( زیرەکی ، بیرکردنەوە ، یادکردنەوە ، هەڵسەنگاندن ، تێگەیشتن ) دەکەین و هەست پێکراو نین بەڵکو گریمان و چەمکی نادیارن ، لەبەر ئەوە جۆرەها فاکتەر کاریگەریان لەسەریان هەیە، سەرەڕای ئەوەش دیاردە دەروونیەکان ئاڵۆزو هەمەلایەن و بە ئاسانی پێوانە ناکرێن ، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە مەزاج و حەزوو ئارەزوو پاڵنەرەکانی تاك کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پێوانەکردن هەیەو لەوانەیە بە ئاسانی زانیاری نەدەن و بەرانبەر چەواشە بکەن.

## ئەزموون ، تاقیکردنەوە ، پێوانەکار (الاختبار) (Test)

پرۆسەی پێوانەکردن بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیاری و داتا لەسەر دیاردەکان ، بەلاّم ئەم پرۆسەیە پشت بە تێست و پێوانەکاری تایبەت بە دیاردەکە دەبەستێت ، واتە ناتوانین بە بێ تاقیکردنەوەو ڕا پرس و پێوانەکار پرۆسەی پێوانەکردن و کۆکردنەوەی زانیاری بە ئەنجام بگەیەنین ، واتە پێوانەکار کەرەستەو ئامڕازی سەرەکی پێوانەکردنەو لە ڕێگەیەوە زانیاری و داتا لەسەر دیاردەکان کۆدەکەینەوە .

## ئێستا دەتوانین بپرسین و بڵێین ، پێوانەکار چییە؟

پێوانەکار بریتیە لە کۆمەڵێك پرسیار یان هەڵوێست یان وێنە یان بە ئاکام گەیاندنی زنجیرەیەك چالاکی و کاری پراکتیکی کە پێویستە فێرخواز ( یان هەر کەسێکی تر ) وەلاّمیان بداتەوەو جێبەجێیان بکات .

ئیتر وەلاّمدانەوەکە یان بە قسە و گوتاری زارەکی یان نووسراو دەبێت یان لە ڕێگەی چارەسەرکردن و هەڵهێنانی گرفتەکەوە دەبێت یان لە ڕێگەی هەڵسان بە کارو چالاکیەکی پراکتیکیەوە دەبێت ، وە بە پرسیارو بڕگەو وێنەو بەش و هەڵوێستەکانی پێوانە کاریش دەگوترێت (بڕگەو بەندەکانی پێوانەکار).

پرسیار و بەندو بڕگەکانی پێوانەکار ، بریتین لە نموونەیەك کە بە مەبەستی پێوانەکردنی ئەو خاسیەت و خەسڵەتەی کە مەبەستە ( زیرەکی ، خۆسازاندن ، شەرم ، ترس ، یادکردنەوە ، بیرکردنەوە ، گۆشەگیری ، دەست پاکی ) دانراون ، واتە هەموو لایەن و قوژبن و ئەم سەرو ئەو سەری دیاردەکە پێوانە ناکات ، بەڵکو وەك نموویەك پێوانەی دەکات، ئینجا تا پرسیار و بڕگەکان زۆرو سەرتاسەری بن، ئەوا زۆر لایەنی دیاردەکە پێوانە دەکات و دەرئە نجامەکەی بابەتی تر دەبێت .

## ئایا سودی پێوانە چیە؟

دەتوانین لە پێناوی بەکارهێنانی شێوازەکانی پێوانەکردندا زانیاری کۆبکەینەوە، زانیاریەکی ڕاست و ورد لەسەر هەر بابەتێك یان بوار و لایەنێك، پاشان ڕاڤە و لێکدانەوەیان بۆ بکەین بە مەبەستی ئە نجامدانی ئەرکێکی دیکە پاش پێوانەکردن کە بڕیاردانی تێدایە پشت بەست بەو زانیارییانەی کۆکراونەتەوە، وە لە کۆتاییدا دەتوانین ئەرکێکی تر ئە نجام بدەین کە چارەسەر کردنی کەم و کورییەکانە و گەشە پێدانیان، واتە پێوانە کارێکی گرنگ و پێویستە لە کرداری هەڵسەنگاندن تایبەت لە بواری پەروەردە.

## چەمکی پێوانە چیە؟

کەسانی سادە باوەڕیان وایە کە پێوانە بە مانای هەڵسەنگاندن دێت، بەڵام ئەو بڕوایە هەڵەیە بەهۆی جیاوازی ئەو دوو زاراوەیەوە، پسپۆڕان دەڵێن کرداری پێوانە دوو ئە نجامدانی ( ممارسە ) سەرەکی لە خۆ دەگرێت یەکەمیان بەراورد کردنە لە نێوان شتەکان و دووەمیان خەملاندن ( تقدیر ) ی تایبە تمەندی ئەو شتانەیە. پشت بەست بەو دوو ئە نجامدانە چەند پێناسەیەك بۆ چەمکی پێوانە دانراوە لەلایەن پسپۆڕانی ئەم بوارەوە لەوانە :-

(**کینس – ١٩٩٠**) دەڵێت پێوانە خەملاندن لە خۆ دەگرێت واتە ئەو کردارەیە کە لە پێناویدا جیاوازی شتەکان دەست نیشان دەکرێت و جیا دەکرێتەوە، واتە ئێمە دەتوانین ئەو خەسڵەتانە بخەملێنین بە ئەندامەکانی وەك: درك پێکردن و هەستکردن بەڵام پێوانە لە خەملاندن فراوانترە.

(**ستیفنز – Stevens**): دەڵێت پێوانە بریتییە لە پێدانی نرخێك بە شتەکان بۆ هەر خەسڵەتێك بە شێوەیەك کە بڕی ئەو خەسڵەتە دیاری بکرێت پشت بەست بە چەند مەرجێك یان چەند بناغەیەکی دیاری کراو.

## ئایا لە زانستە مرۆییەکاندا پێوانەی چی دەکرێت؟

هەرچەندە بابەتی پەروەردەیی و دەرونی و زانستە سروشتیەکان هەمان بابەتن کە خەسڵەت و تایبە تمەندن بەڵام جیاوازی لە سروشت خەسڵەتی ئەو دوو جۆرە هەیە، کە لە زۆر جادا ئەو خەسڵەتانە بینراون و هەست پێکراون و پێوانە دەکرێن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە زانستە سروشتیەکان، بەڵام لە زانستە مرۆیی و پەروەردەیی یەکاندا گریمانەیی ( مجرد ) یە لەبەر ئەوەی نەبینراون و هەست پێنەکراون وەك: ( ئارەزوو ، بۆچوون ، توانای عەقڵی ، زیرەکی ، شەرمنی...... هتد ).

## جیاوازی لە نێوان پێوانەکردنی دەرونی و پەروەردەیی و پێوانەی سروشتی:-

| ژ | پێوانەی سروشتی | پێوانەی دەرونی و پەروەردەیی |
|---|---|---|
| ١ | پێوانەی سروشتی ڕاستەوخۆیە، ئەو دیاردانەی کە بەردەستن دەتوانین ڕاستەوخۆ پێوانەیان بکەین وەك، باڵا یان کێش. | پێوانەی دەرونی و پەروەردەیی ناڕاستەوخۆیە ناتوانین ڕاستەوخۆ پێونەیان بۆ بکەین وەك، حەز و زیرەکی و شەرم. |
| ٢ | پێوانەکردن لە سروشتیدا جێگیرە، کاتێك دەڵێین باڵای ئاوات ١٨٠ سم ئەم پێوانەیە ناگۆڕێت. | پێوانەکردن لێەدا ناجێگیرە و گۆڕانی بەسەردا دێت وەك، نمرە تاقیکردنەوەی توانا. |
| ٣ | بە پێی تەمەن جیاوازی تێدا ناکرێت. | بە پێی تەمەن گۆڕانی بەسەردا دێت. |
| ٤ | ئەو کەرەستانەی پێوانەی سروشتیەکان دەکرێت ڕاستی زیاترە. | ئەو کەرەستانەی پێوانەی دەرونی پەروەردەییەکانی پێدەکرێت ڕاستی کەمترە لە سروشتیەکان. |

## ئاستەنگیەکانی پێوانەی بونیادە دەرونییەکان:-

١. ڕێك نەکەوتن لەسەر بەکارهێنانی یەك شێواز بۆ پێوانەکردنی چەمکێکی دیاری کراو:- هەرچەندە هەندێك جار بۆ دەستنیشان کردنی ڕەوشتەکان ڕێك دەکەون بەڵام ڕێك ناکەون لەسەر پێوانەکردنی ئەو ڕەوشتانە.

٢. پشت بەستن بە یەك نمونە لە ڕەوشتەکانی هەر چەمکێك:- زۆرجار ناتوانرێت گشت ڕەوشتەکانی هەر چەمکێکی پەروەردەیی و دەرونی دیاری بکرێت، بۆیە لەم دۆخەدا پشت دەبەسترێت بە هەڵبژاردنی گروپێك یان نمونەیەك لەو ڕەوشتانە، ئەمەشە دەبێتە هۆی لاوازی لە وردێتی و گشتێتی پێوانەی ئەم بوارە.

٣. بەردەوامی هەڵەکردن لە پێوانە دەرونی و پەروەردەییەکان:- سێ سەرچاوەی هەڵەکردنی خەسڵەتە دەرونیەکان هەیە بەشێکی پەیوەندی بە کەسی تاقی کراوەوە هەیە وەك: ﴿ماندوو بوون، بێزار بوون، خەمڵاندن، بیرچوونەوە، هەڵەی تۆماری وەڵامەکان﴾. وە هەندێکی پەیوەندی بە پێوەرەکەوە هەیە وەك: ﴿پێدانی دوو تاقیکردنەوەی لەیەك

چوو بە یەك خوێندكار و جیاوازی لە دابەش كردنی نمرەكانیان﴾ وە هەندێكی تری پەیوەندی بە كەسی پێوانەكارەوە هەیە ئەو كەسەی هەڵدەستێت بە پێوانەكردنەكە وەك:﴿حاڵەتەكانی میزاجی، ماندوو بوون، پەلەكردن لە ڕاستكردنەوە﴾.

٤. چونە ناو یەكی چەمكە دەروونییەكان:- زۆر جار لە تواناددا نییە ئەو خەسڵەت و چەمكانە لە یەكتری جیا بكرێنەوە بەهۆی ئەوەی هەندێك ڕەوشت هاوبەش دەبێت لە چەند چەمكێكدا.

## جۆرەكانی پێوانەكردن:-

پرۆسەی پێوانەكردن چەند جۆرێك لەخۆی دەگرێت ، كە بە پێی ئامانج و مەبەستی بەكارهێنانی ، گۆڕانكاری بەسەردا دێت.

## ئەمانەی لای خوارەوە گرنگترین جۆرەكانی پێوانەكردنن :-

### ١- پێوانەكردنی بەناو ( القياس الاسمي ) (Nominal Measurement):-

ئەم جۆرە پێوانەكردنە سادە ترین و ئاسانترین جۆرەكانی پێوانەكردنە . لەبەر ئەوەی لەم جۆرە پێوانەكردنە تەنها ناو لە شتەكان دەنرێت ، واتە بریتیە لە پۆلینكردنی ( تاك یان یەكەو شتەكان ) بۆ چەند جۆرێك ، بۆ نموونە دابەش كردن و پۆلێنكردنی مرۆڤ بۆ ( نێرو مێ ) ( ڕەش و سپی ) ( گەورەو بچووك ) ( منداڵ و هەرزەكارو كامڵ و بە ساڵاچوو ) . لەم جۆرە پێوانەكردنەدا ، هەموو ئەو یەكەو شتانەی كە وەك یەكن و سەر بە گرووپێكن كۆ دەكرێنەوەو ناوو ژمارەیەكی دەدرێتێ ( كوڕ ـــ ١ ) ( كچ ــ ٢ ) ( كتێبی پەروەردەیی ــ ١ ) كتێبی دەروونی ـــ ٢ ).

كاتێك ئێمە لەم جۆرە پێوانەكردنەدا ژمارە ( ١ ) دەدەین بە كوڕو ژمارە ( ٢ ) بە كچ ، ئەمە مانای ئەوە نیە كە كچ گەورە ترە یان دوو ئەوەندەی كوڕە ، بەڵكو تەنها ناو نان و پۆلێنكردنی كوڕو كچەو ژمارەكان هیچ مانـاو بەهایەكیان نیە ، بێجگە لە ئەوەی بۆ جیاكردنەوەی ئەو دوو توخمە بەكارهاتووە ، دەتوانین پێچەوانەی بكەینەوە ، واتە ژمارە ( ١ ) بدەین بە كچ و ژمارە ( ٢ ) یان ( ٣ ) بدەین بە كوڕ ، لەبەر ئەوەی ژمارە لەم جۆرە پێوانەكردنەدا هیچ بەهاو نرخێكی نیە ، وەك لە بیركاری و هەژماردندا هەیەتی . ئەم ژمارانە تەنها بۆ جیاكردنەوەی دیاردەو یەكەو شتەكانە لەیەكتری ، بۆ نموونە بۆ جیاكردنەوەو ناسینەوەو پۆلێنكردنی نەخۆشییە دەروونیەكان ، هەریەكەو ژمارەیەكی دەدەینێ و بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنیان دەكەین ( خەمۆكی ــ ١ ) ( دڵە راوكێ ـ ٢ ) ( هێستریا ــ ٣ ) ( فۆبیا ـ ٤ ) ، بە بێ ئەوەی كە گوێ بدەین بە بەهای ژمارەكان و بڵێین ( فۆبیا ـ ٤ ) گەورەترو مەترسیدارترە لە ( دڵەراوكێ ـ ٢ ).

Lecture: Karzan Mohammed Arif Email: karzan.arif@univsul.edu.iq

گرنگترین خاسیەت و رەهەندی ئەم جۆرە پێوانەکردنە ئەوەیە کە هەر چوار پرۆسەکەی هەژمارکردن ( کۆکردنەوە ، لێدەرکردن ، جاران کردن ، دابەش کردن ) هیچ ماناو بەهایەکی نیە ، واتە (٢) (کچ ) گەورەتر و گرنگتر نیە لە (١) (کوڕ) بەڵکو تەنها بۆ ناونان و پۆلێن کردن و جیاکردنەوەی دیاردەکانە لە یەکتری ، لە لایەکی تریشەوە جیاوازی لە نێوان دیاردەو کۆمەڵەکان ( نێر ، مێ ) ( گەورە ، بچووك ، مام ناوەندی ) جیاوازی جۆرییە ( نوعی ) نەك جیاوازی بڕی (کمی) واتە جیاوازی لە نێوان جۆرەکانیان هەیەو لە ڕێگەی ئەو ژمارانەوە لە یەکتریان جیادەکەینەوەو پۆلێنیان دەکەین ، نەك جیاوازی لە نێوان بڕەکانیان هەبێت و یەکێکیان زۆرتر یان گەورەتر یان بەبەهاتر بێت لە ئەوانی تر .

کەواتە پێدانی ژمارە لەم جۆرە پێوانەکردنەدا بە ئارەزوو ویستی توێژەرەو چ ژمارەیەك هەڵدەبژێری و دەیدات بە چ دیاردەیەك و پێی پۆلێن دەکات ئەو ئازادە ، لەبەر ئەوەی بەهاو نرخی ژمارەکان گرنگ نیەو لەم جۆرە پێوانەکردنەدا رۆڵیان نیەو تەنها بۆ ناولێنان و پۆلێن کردن و جیاکردنەوەی دیاردە و شتێکە لە دیاردەو شتێکی تر . کەواتە دەتوانین بڵێین کە پێوانەکردنی بەناو بریتیە لە پۆلێن کردنی یەکەو شتەکان بۆ چەند کۆمەڵێکی جیاجیا ، کە هەر کۆمەڵەو خاسیەت و مۆرکی هاوبەشی تایبەت بە خۆی هەیەو لە کۆمەڵەکانی تری جیادەکاتەوە ، وە هەر کۆمەڵەو ژمارەو ناوێکی دەدرێتێ بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو ژمارەو ناوەوە بناسرێتەوە و لە کۆمەڵەکانی تر جیابکرێتەوە .

## ٢ – پێوانەکردنی پلە بە پلەیی ( القياس الرتبي ) (Ordinal Measurement):

ئەم جۆرە پێوانەکردنە ، کاتێك بەکاردەهێنرێت ، کە بتوانین یەکەو شتەکان بە شێوەیەکی پلە بە پلەیی ریز بکەین و هەست بە بوونی جیاوازی لە نێوان پلەکاندا بکەین ، بۆ نموونە کاتێك پێنج ( ٥ ) کەس درێژیان جیاواز بێت ، ئەوا دەتوانین بە پێی ئەم جۆرە پێوانەکردنە لە کورتەوە بۆ درێژ ریزیان بکەین و ژمارە ( ١ ) بدەین بە کورترین کەسیان و ژمارە ( ٥ ) بدەین بە درێژترین کەسیان و ژمارە ( ٣ ) بە مام ناوەندیەکەیان ...... هتد . یان کاتێك نمرە لە زانکۆ بە خوێندکارو قوتابیەکان دەدەین ، دەتوانین بە پێی نمرەو ئاستەکانیان بەم شێوەی خوارەوە پۆلێنیان بکەین :-

( لاواز ــ ١ ) ( پەسەند ــ ٢ ) ( ناوەند ــ ٣ ) ( باش ــ ٤ ) ( زۆر باش ــ ٥ ) ( نایاب ــــ ٦ ) . ئا لەم جۆرە پێوانەکردنەدا پلە بە پلەو ریزکردنەکان مانایان هەیە ، واتە ژمارە ( ٦ ) باشترە لە ژمارەکانی ترو ژمارە ( ١ ) خراپترە لە هەموو ژمارەکانی ترو ( ٤ ) باشترە لە ( ٣ ) بەڵام خراپترە لە ( ٥ ) ، بە پێچەوانەی پێوانەکردنی بەناو ، ژمارەکان هیچ ماناو بەهایەکیان نیە . کەواتە ژمارە لەم جۆرە پێوانەکردنەدا یان ئاماژە بۆ زۆری یان بۆ کەمی بڕی ئەو دیاردەیە دەکات و مانای هەیەو هەر لە خۆیەوە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دانەنراوە و توێژەر ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی ژمارە بە دیاردەکان بدات ، بۆ نموونە ناتوانین ژمارە ( ٣ ) بە لاوازو ( ٢ ) بە ناوەند بدات ، بەڵکو دەبێت پشت بە کەمی و زۆری پلەی شتەکە ببەستێت.

**شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە راستیەك لەم جۆرە پێوانەکردنەدا هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە جیاوازی نێوان پلەکان بە شێوەیەکی ورد نازانرێت و مەرج نیە کە جیاوازی نێوان فێرخوازی نایاب و فێرخوازی زۆرباش یەکسان بێت بە جیاوازی نێوان فێرخوازی زۆرباش و فێرخوازی باش ، کەواتە پرۆسەکانی هەژمارکردن ( + ،- ، × ، ÷ ) سوودێکی ئەوتۆی نیە و هیچ مانایەکی زانستی نادات .**

**بۆ نموونە ئەگەر سێ ( ٣ ) جۆر کانزامان بە پێی رەقی و پتەویان ریزکردو وتمان ئەوەی لە هەموویان پتەوو رەقترە لە پلەی سێ هەمدایە ( ٣ ) وە ئەوەشیان مام ناوەندیە پلە دووە ( ٢ ) وە ئەو کانزایەش کە رەقی و پتەوی لە هەموویان کەمترە پلە یەکە ( ١ ) ئەوا ناتوانین بڵێین کە رەقی و پتەوی کانزای یەکەم و دووەم ( ١+ ٢ ) یەکسانە بە رەقی و پتەوی کانزای سێ هەم ( ٣ ) واتە ناکرێت بڵێین ( ١+ ٢ = ٣ ) هەرچەندە لە بیرکاری و هەژمارکردندا ( ١ + ٢ = ٣ ) بەڵام لەم جۆرە پێوانەکردنەدا ئەم جۆرە هەژمارکردنە ناکرێت و ئەگەر بکرێتیش هیچ بەهاو نرخێکی زانستی نیە . بەهەمان شێوەش کاتێك پۆلەکانی قۆناغی سەرەتایی بەسەر ( ١ ،٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦ ) دابەش دەکەین ، ناتوانین بڵێین پۆلەکانی ( ١ + ٢ + ٣ ) یەکسانە بە پۆلی ( ٦ ) .**

**کەواتە پێوانەکردن و سیستمی پلە بە پلەیی بریتیە لە پۆلێنکردنی یەکەو شتەکان بۆ چەند کۆمەڵ و گروپێکی جیاجیا بە پێی سیستمێکی دیاریکراو کە لەوانەیە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێت ( تنازلی ) واتە لە زۆرەوە بۆ کەم ( ٥ــ ٤ ــ٣ ــ٢ ــ ١ ) یان بە پێچەوانەوە لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت ( تصاعدی ) واتە لە کەمەوە بۆ زۆر ( ١ ــ ٢ ــ٣ ــ ٤ ) . ئەم جۆرە پێوانەکردنە لەو کات و حاڵەتانەدا بەکاردەهێنرێت کە نەتوانین زۆر بە راستی و بە وردی بڕی ئەو شتەی کە پێوانەی دەکەین دیاری بکەین و بیزانین ، لە لایەکی تریشەوە پێوانەکارو ئامڕازێکی ترمان ( کە باشتر بێت لەم جۆرە پێوانەکردنە ) نەبێت ، بۆیە پەنا بۆ ئەم جۆرە پێوانەکردنە دەبەین .**

**زۆر جار لە بواری دەروونزانی و پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا رووبەرووی هەندێك کێشەو دیاردە دەبینەوە کە ناتوانین بێجگە لەم جۆرە پێوانەکردنە ، هیچ جۆرە پێوانەکردنێکی تر بەکاربهێنین ، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت فێرخوازەکان بە پێی چالاکی و بێدەنگی و هارو هاجیان پۆلێن بکەین ، ئەوا تەنها ئەم جۆرە پێوانەکردنەمان لەبەردەستایەو دەتوانین لە رێگەیەوە فێرخوازەکان بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن بکەین :-**

**( هاروهاج ــ١ ) ( کەمێك هاروهاج ــ ٢ ) ( مام ناوەندی ــ ٣ ) ( لەسەرخۆ ــ ٤ ) ( زۆر لەسەرخۆ ــ ٥ ) .**

**بەهەمان شێوە لە رێگەی ئەم جۆرە پێوانەکردنەوە دەتوانین ( جوانی ) یان پلەی رەنگەکان پۆلێن بکەین .**

## ٣ - پێوانەکردنی ناوبەناو ( نێوانەیی ) ( القیاس الفاصل ) (Interval Measurement) :-

کاتێك ژمارەکان بۆ جیاکردنەوەی شتەکان و زانینی جیاوازی بڕو بەهاکانیان و دیاریکردنی نمرەو دووری نێوان شتەکان بەکاردەهێنرێت ئەوە مانای ئەوەیە کە ئێمە جۆرێکی تر لە پێوانەکردن بەکاردەهێنین ، ئەویش پێوانەکردنی ناوبەناو یان زانینی دووری و مەودای نێوان دیاردەکانە . لە ئەم جۆرە پێوانەکردنەدا ، توێژەر سەرەڕای زانینی جیاوازی نێوان پلەو بڕەکانی ئەوا درك بە جیاوازیە یەکسانەکانی نێوانیشیان دەکات . لە زەقترین و دیاریترین نموونە بۆ ئەم جۆرە پێوانەکردنە ، سیستمی پێوانەکردنی پلەی گەرمایە ، هەروەها پێوانەکردنی ڕێژەی زیرەکی و بڕی فێربوونی فێرخواز .... هتد .

بۆ نموونە کاتێك دەڵێین پلەی گەرمای ئەمڕۆ ( ٢٥ ) پلەیە ، بەلاَم پلەی گەرمای دوێنێ ( ٢٠ ) پلە بوو ، هەروەها پلەی گەرمای پێش هەفتەیەکیش ( ١٨ ) پلە بوو ، ئەوا ئەم ژمارانە مانای تایبەتی خۆیان هەیە و جیاوازی نێوان پلەی گەرمای سێ ڕۆژمان بۆ ڕوون دەکاتەوە . لەبەر ئەم ژمارانە زۆر شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، لەوانە کە پلەی گەرمای ئەمڕۆ ( ٥ ) پێنج پلە لە پلەی گەرمای دوێنێ بەرزترە ، وە پلەی گەرمای دوێنێ دوو ( ٢ ) پلە لە پلەی گەرمای پێش هەفتەیەك زیاترە ، وە پلەی گەرمای ئەمڕۆ ( ٧ ) حەوت پلە لە پلەی گەرمای پێش هەفتەیەك بەرزترە ، هەروەها جیاوازی نێوان پلەی گەرمای ئەمڕۆو پلەی گەرمای پێش هەفتەیەك ( ٢٥ – ١٨ = ٧ ) یەکسانە بە جیاوازی نێوان پلەی گەرمای ئەمڕۆو دوێنێ ( ٢٥ – ٢٠ ) لەگەڵ زیادکردنی جیاوازی نێوان پلەی گەرمای دوێنێ و پێش هەفتەیەك ( ٢٠ – ١٨ ) واتە ( ٢٥ – ١٨ ) = ( ٢٥ – ٢٠ ) + ( ٢٠ –١٨ ) .

کەواتە لەم جۆرە پێوانەکردنەدا جیاوازیەکان یەکسانن و یەکەی پێوانەکردنیش زانراوە ، بۆیە دەتوانین هەردوو پرۆسەی کۆکردنەوە ( + ) و لێدەرکردن ( - ) بە ئەنجام بگەیەنین بە پێچەوانەی هەردوو پێوانەکردنی ( بەناو ) و ( پلە بە پلەیی ) کە ناتوانرێت هیچ پرۆسەیەکی هەژمارکردن تیایاندا بەکاربهێندرێت . واتە دەتوانین هەرچ ژمارەیەك زیادبکەین یان هەر ژمارەیەك لە بەهاکان دەر بکەین ، بە بێ ئەوەی هیچ خاسیەتێکی ئەم جۆرە پێوانەکردنە لەناو بچێت .

بۆ نموونە ئەگەر ژمارە ( ٨ ) لە هەریەك لە ئەو ژمارانەی پلەی گەرما دەربکەین ( ٢٥ ، ٢٠ ، ١٨ ) ئەوا دەبن بە ( ١٧ ، ١٢ ، ١٠ ) کە هەمان جیاوازی و خاسیەتەکانی یەکەم جار لە نێوانیان هەر وەك خۆی دەمێنێ و هەر پلەی گەرمای ئەمڕۆ ( ١٧ ) بە ( ٥ ) پلە لە پلەی گەرمای دوێنێ ( ١٢ ) زیاترە بە هەمان شێوەش دەتوانین چ ژمارەیەکمان بوێت لەگەڵ ژمارەی پلەی گەرمای ئەو سێ ڕۆژە کۆی بکەینەوە ، بەبێ ئەوە ی خەسڵەت و خاسیەتەکانی خۆیان لەدەست بدەن . لە گرنگترین فاکتەر ، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کاتی کۆکۆدنەوەو لێدەرکردن خاسیەتی ئەم جۆرە پێوانەکردنە وەك خۆی بمێنێ ، بوونی سفری ڕێژەییە ( الصفر النسبی ) و لە ڕێگەیەوە ئەم جۆرە پێوانەکردنە دەناسرێتەوە ، بۆ نموونە

ئەگەر ژمارەی ( ٢٥ ) لە هەریەك لەو سێ ژمارەیە ( ٢٥ ) ( ٢٠ ) ( ١٨ ) دەربكەین ئەوا دەرئە نجامەکەی دەبێت بە ( سفر ) ( -٥ ) ( -٧ ) کە هەمان خاسیەت و جیاوازی یەکەم جارە .

واتە بوونی ( سفر ) لەم جۆرە پێوانەکردنەدا ، مانای نەبوونی خاسیەت و سیفاتەکە ناگەیەنێ ، بەڵکو سفر ڕێژەییە نەك ڕەهاو مووتڵەق و ( سفر ) خۆی وەك هەموو ژمارەکانی تر بەهای هەیە و لە ژێر سفریشەوە ژمارەی تر هەیە . بۆ نموونە ئەگەر منداڵێك لە ئە نجامی زیرەکی پێویك ( سفر ) وەرگرێ ، ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئەو منداڵە هیچ زیرەکییەکی نیە ، یان کاتێك فێرخوازێك لە تاقیکردنەوەی مێژوو یان جوگرافیا ( سفر ) وەردەگرێ ، ئەمە مانای ئەوە نیە کە هیچ زانیاریەکی لە بواری مێژوو یان جوگرافیادا نیە ، بەڵکو ( سفر ) لەم جۆرە پێوانەکردنەدا ڕێژەییەو بەهای تر لە سەرو یان خوارووی سفرەوە هەیە .

هەرچەندە دەتوانرێت لەم جۆرە پێوانەکردنەدا ڕێژە دەربهێنرێت بەلاَم هیچ سوودو بەهایەکی نیەو لە واقیعدا پراکتیزە ناکرێت ، بۆ نمونە ئەگەر فێرخوازێك لە تاقیکردنەوەی کۆمپیوتەر ( ٩٠ ) وەرگرێ و یەکێکی تر ( ٤٥ ) نمرە وەرگرێ ، ئەوە هەرچەندە ڕێژەی نمرەی یەکەم لەچاو فێرخوازی دووهەم ( ١\٢ ) واتە دوو ئەوەندەیە ، بەلاَم ناتوانین بڵێین زانیاری فێرخوازی یەکەم لە بابەتی کۆمپیوتەر دوو ئەوەندەی زانیاری فێرخوازی دووهەمە .

کەواتە دەتوانین بڵێین کە پێوانەکردنی ناوبەناو ئەو جۆرە پێوانەکردنەیە کە لەڕێگەیەوە یەکەو شتەکان بە پێی ڕێك خستن و ریزکردنێکی دیاریکراو پۆلێن دەکرێن سەرەڕای بوونی ماوەو دووری کە یەکەکانیان یەکسانەو ماناداره .

## ٤- پێوانەکردنی ڕێژەیی ( القیاس النسبي ) (Ratio Measurement) :-

ئەم جۆرە پێوانەکردنە ، هەموو خاسیەت و ڕەهەندەکانی پێوانەکردنی ناو بەناو ( نێوانەیی ) هەیە ، بەلاَم جیاوازی سەرەکی نێوانیان ئەوەیە کە لە پێوانەکردنی ڕێژەیدا سفر ڕەهایە ( الصفر المطلق ) ، واتە مانای نەبوونی شتەکە دەگەیەنێ ، کاتێك دەڵێین فلاَنە کەس داهاتەکەی سفرە ، مانای ئەوەیە هیچ داهاتێکی نیە ، یان کاتێك دەڵێین درێژی یان کێشی ئەم شتە سفرە ، مانای ئەوەیە کێش و درێژی نییە . ئەم جۆرە پێوانەکردنە لەبەر ئەوە ناونراوە پێوانەکردنی ڕێژەیی ، چونکە ڕێژەی ژمارەکان لەگەڵ یەکتریدا مانایان هەیە ، بە پێچەوانەی پێوانەکانی ترەوە کە ڕێژەکانیان هیچ ماناو بەهایەکی زانستیان نیە .

بۆ نموونە کاتێك دەڵێین درێژی کەسێك ( ١٨٠ سم ) ، درێژی کەسێکی تریش ( ٩٠ سم ) مانای ئەوەیە کە درێژی کەسی یەکەم دوو ئەوەندەی درێژی کەسی دووهەمە یان کاتێك دەڵێین کێشی کەسێك ( ١٢٠ کغم ) ، کێشی کەسێکی تریش ( ٦٠ کغم ) ، مانای ئەوەیە کە کێشی کەسی دووهەم نیوەی کێشی کەسی یەکەمە ، یان کاتێك دەڵێین داهاتی خێزانێك ( ٣٠٠٠٠٠ ) سێ سەد هەزار دینارە ، بەلاَم داهاتی خێزانێکی تر ( ٩٠٠٠٠٠ ) نۆ سەد هەزار دینارە ، مانای ئەوەیە کە

داهاتی خێزانی دووهەم سێ ئەوەندەی داهاتی خێزانی یەکەمە ، یان کاتێك دەڵێین ژمارەی فێرخوازەکانی خوێندنگایەك ( ٦٠٠٠ ) شەش هەزار فێرخوازە بەلام ژمارەی فێرخوازەکانی قوتا بخانەیەکی تر ( ١٠٠٠ ) هەزار فێرخوازە ، ئەمە مانای ئەوەیە کە ژمارەی فێرخوازەکانی خوێندنگەی یەکەم شەش ئەوەندەی ژمارەی فێرخوازەکانی قوتا بخانەی دووهەمە ٠

بەلام لە پێوانەکردنی ناوبەناو ( نێوانەیی ) ئەگەر پێوانەی زیرەکی یەکێکمان کردو یەکسان بوو بە ( ١٢٠ ) نمرە بەلام زیرەکی کەسێکی تر یەکسان بوو بە ( ٦٠ ) نمرە ناتوانین بڵێین کە زیرەکی کەسی یەکەم یەکسانە بە دوو ئەوەندەی زیرەکی کەسی دووهەم ، لەبەر ئەوەی لەم حاڵەتەدا ( سفر ) ڕێژەییەو لە خوار و سەرو ( سفر ) ەوە ژمارەو بەهای تر هەیە ، بەلام ( سفر ) لە پێوانەکردنی ڕێژەیدا بەهاو نرخی نیەو لە خوار ( سفر ) ەوە هیچ بەهاو ژمارەیەکی تر نییە .

شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە کۆکردنەوەو لێدەرکردنی ژمارەیەك لە بەهاو نرخی ژمارەکان ، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری ، بۆ نموونە ئەگەر پێوانەی کێشی دوو فەردە بکەین و یەکێکیان ( ٣٠ کغم ) دەربچێت و ئەوی تریان ( ٤٠ کغم ) ، ئینجا ئەگەر ژمارە ( ٤٠ ) لە هەردوو کێشەکە دەربکەین ، ئەوا دەرئە نجامی هەردووکیان دەبێت بە سفر ، چونکە نابێت بڵێین کێشی فەردەی یەکەم یەکسانە بە ( -١٠ ) ، لەبەر ئەوەی هیچ ژمارەیەکی تر لە ژێر سفرەوە نیە و سفر ڕەهایە ، بەلام ئەم کۆکردن و لێدەرکردنە لە پێوانەکردنی ناوبەناو ( نێوانە یدا ) دەکرێت چونکە سفر ڕێژەییەو لە ژێر سفریشەوە ژمارەی تر هەیە . بەلام دەتوانرێت ( جاران و دابەش کردن ) بکرێت ، بەبێ ئەوەی هیچ بەهاو خاسیەتێك لەناو بچێت .

## هەڵسەنگاندن ( التقويم ) (Evaluation):-

چەمکی هەڵسەنگاندن جیاوازە لە هەردوو چەمك و زاراوەی پێوانەکارو پێوانەکردن ، لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندن بەرفراوانترو سەرتاسەریترە و هەردوو چەمکی پێوانەکردن و پێوانەکاریش لەخۆ دەگرێت ، واتە یەکەم جار دەبێت تێست و پێوانەکار ئامادە بکرێت ، دواتر لەرێگەی ئەو تێست و پێوانەکارەوە زانیاری و داتا کۆدەکرێتەوەو پرۆسەی پێوانەکردن بە ئە نجام دەگەیەنرێت ، دواتر بڕیار لەسەر ئەو زانیاری و داتایانە دەدرێت و لەبەر ڕۆشنایی پێوەری ( معیار ) تایبەتی هەڵدەسەنگێندرێن.

بە بۆچوونی سۆرندایك ، هەڵسەنگاندن بریتیە لە دەرکردن و وەرگرتنی کۆمەڵێك بڕیار دەربارەی سەرکەوتنی فێرخوازو پێش کەوتنی لە خوێندن. بەلام گرۆنلاند لەو بڕوایەدایە کە هەڵسەنگاندن بریتیە لە پرۆسەیەکی ڕێکخراو بۆ دیاریکردنی چەندێتی سوود وەرگرتنی فێرخواز لەو ئاما نجە پەروەردەییانەی کە پێشتر دانراون.

## لە بواری پەروەردەدا ، مەبەستی سەرەکی پرۆسەی هەڵسەنگاندن بریتیە لە :-

١- بڕیاردان لەسەر مەوداو ئاستی گونجاندنی پرۆگرام بۆ فێرخوازەکان .
٢- دیاریکردن و دەست نیشانکردنی لایەنە بەهێزو لاوازەکانی پرۆگرام .
٣- دیاریکردن و زانینی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی فێرخواز .
٤- هەڵسەنگاندن یارمەتی مامۆستا دەدات کە تواناو حەزوو ئارەزوو ئامادەباشیەکانی فێرخواز بدۆزێتەوە .
٥- هەڵسەنگاندن یارمەتیدەری مامۆستایە ، تا لە رێگەیەوە خۆی بناسێت و هەست بە خاڵە بەهێزو لاوازەکانی رێگاو شێوازەکانی وانە گوتنەوەیی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ فێرخواز بکات ، بۆ ئەوەی دووبارە پێداچوونەوەیەك بۆ رێگاو شێوازەکانی وانە گوتنەوەیی و پەیوەندیەکانی بکات ولەبەر رۆشنایی هەڵسەنگاندنەکەوە پیایاندا بچێتەوە. پێوانەکردن پێش هەڵسەنگاندنەو دەبێت بە بنەما بۆی ، واتە کاتێك مامۆستا لە رێگەی تاقیکردنەوەوە ، تواناو لێهاتوویی فێرخواز دەپێوێ و دواتر دەرئە نجامی تاقیکردنەوەکە دەگۆڕێ بۆ ( دەرچوو ، دەرنەچوو ، زۆرباش ، باش ، مام ناوەند ، نایاب ، لاواز ...... هتد ) . ماناى وایە بڕیاری داو لە رێگەی ئەو نمرەو دەرئە نجامەوە هەڵسەنگاندنی بە ئاکام گەیاند.

لەگەڵ ئەوەی یەکێك لە خەسڵەت و رەهەندەکانی هەڵسەنگاندن بڕیاردانە ، بەلاَم هەڵسەنگاندن سەرەڕای بڕیاردان، چاککردن و گەشەکردنی دیاردەکانیش لەخۆ دەگرێت ، واتە هەر بە بڕیاردان ناوەستێت ، بەڵکو لە هەوڵی چاککردن و بە هێزکردنی خاڵە لاوازەکانی فێرخوازە ، سەرەڕای گەشە پێکردنی زیاتری خاڵە بەهێزەکان . ئەویش لە رێگەی دانانی پرۆگرام و بەرنامەی چاکسازی. شایانی ئاماژە بۆ کردنە ، مەرج نیە هەموو کات هەڵسەنگاندن پشت بە ئەزموون و تاقیکردنەوەو پێوانەکردن ببەستێت . واتە زۆرجار پشت بە زانیاری و داتای کۆکراوە دەبەستێت ، کە لەرێگەی ئەزموون و تێست و تاقیکردنەوەو پێوانەکارەوە ، دەست کەوتوون ، بەلاَم جاری واش هەیە مامۆستا دەتوانێت لە رێگەی ئامراز و شێوازەکانی وەك سەرنجدانەوە ، زانیاری لەسەر هەندێك فێرخواز کۆ بکاتەوەو دواتر بڕیار بدات بە ئەوەی کە چەند خوێندکارێك چالاکن و چەند قوتابیەکی تریش سست و لاوازن . یان پاڵنەریان بۆ خوێندن بەرزە یان مام ناوەندی یان لاواز.

## گرنگی پێوانەو هەڵسەنگاندن لە پرۆسەی پەروەردەدا :-

پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن وەك سەرجەم پرۆسەکانی تر پێش ناکەوێت و گەشە ناکات، ئەگەر بەردەوام بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ دەرئە نجامەکەی نەکرێت ، واتە کاتێك مامۆستا وانە دەڵێتەوە، ئەگەر هەڵسەنگاندن نەکرێت، چۆن دەزانێ فێرخوازەکان سوودمەندبوون، یان ئایا مامۆستاکە وانەکەی بە سەرکەوتوویی گوتوەتەوە و قازا نجی بە فێرخوازەکان گەیاندووە؟ بێگومان بە بێ پێوانەو هەڵسەنگاندن مەحاڵە بتوانرێت وەلاَمی ئەو پرسیارانە

بدرێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە هەڵسەنگاندن و پێوانەکردن گرنگیەکی زۆری پێدراوە و بۆشاییەکی گەورەی لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا پڕکردۆتەوە و گرنگییەکەشی لەم خاڵانەی خوارەوەدایە :-

- گرنگی هەیە لە ئاستی جێبەجێکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و ڕادەی سەرکەوتنی.
- بۆ دانانی پرۆگرامی گونجاو کە لەگەڵ ئاست و تەمەنەکان گونجاو بێت.
- بۆ ئاشکراکردنی ئەو ئاستەنگیانەی دێنە بەردەم بەدیهێنانی ئامانجەکان.
- یارمەتی مامۆستایان دەدات لە گرتنە بەری زۆربەی بڕیارەکان لەکاتی پرۆسەی فێرکردن.
- بۆ زانینی ڕادەی توانای فێرخوازان لە پرۆسەی فێرکردن.
- بۆ دەستنیشان کردنی خاڵی دەست پێکردنی پرۆسەی فێرکردن.
- بۆ زانینی مەودای ئامادەیی فێرخواز بۆ فێربوون لە ئەزموونە تازەکان.
- بڕیاردان لە گواستنەوەی فێرخواز لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر.
- دیاری کردنی فێرخوازی زیرەك و بەهرەمەندەکان و پاداشتکردنیان.

**کەواتە بەبێ پێوانەو هەڵسەنگاندن ناتوانرێت وەلامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدرێتەوە :-**

٢- تا چەند پرۆگرامەکان سەرکەوتوو بە کەڵکن ؟
٣- تا چەند ڕێگاکانی وانە گوتنەوە گونجاون بۆ ئاستی فێرخوازەکان ؟
٤- تا چەند مامۆستا وانەکەی بە سەرکەوتووانە ڕاڤە کردووە ؟
٥- ئایا کەرەستەو ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە ئامانجەکانی خۆیان پێکاوە ؟
٦- تا چەند ئامانجە تایبەتی و ئامانجە گشتیەکان هاتوونەتەدی ؟
٧- پەیوەندی نێوان مامۆستاو فێرخوازەکان لە چ ئاستێکدایە ؟
٨- تا چەند بینایەو پۆلەکان بۆ خوێندن گونجاوە ؟
٩- ئایا بەڕێوەبەرو سەرپەریشتیارەکان لە کارەکانیاندا سەرکەوتوون ؟

وەڵامدانەوەی سەرجەم ئەو پرسیارانەی سەرەوە و دەیەها پرسیاری تری پەیوەست بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، پێویستی بە پرۆسەی پێوانەو هەڵسەنگاندن هەیە . بۆ زیاتر زانینی پرۆسەی پێوانەو هەڵسەنگاندن دەتوانین سەیری پێکهاتەو ڕەهەندەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بکەین .

بۆ ئەم مەبەستە هەردوو زانا (ستانلی، Stanly) و (هۆپکنز، Hopkins) لەو بڕوایەدان کە پرۆسەی پەروەردە لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێك دێت ، کە ئەوانیش ئەمانەی لای خوارەوەن :-

١- دیاریکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان .
٢- پێدانی شارەزایی و زانیاری بە مەبەستی هێنانەدی ئەو ئامانجانە.
٣- بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن ، بە مەبەستی دیاریکردنی مەوداو ئاستی هێنانەدی ئەو ئامانجانە (الامام ، ١٩٩٠ ، ص ٢٥ ) . ئینجا کەم و کورتی لە هەریەکێك لەو سێ ڕەهەندەی سەرەوە، دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن.

دەبێت کردارەکانی هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێت بۆ هەر هەڵوێست و بوارێك کە پێویستی بە بڕیاردان هەبێت، بۆ نمونە زۆربەی هەڵوێستەکان لە بواری پەروەردە پێویستی بە بڕیاردانە وەك:

١) ئایا فێرخواز بگوازرێتەوە بۆ قۆناغێکی تر یان لە هەمان قۆناغ بمێنێتەوە؟
٢) ئایا پرۆگرامی بابەتی (---) بۆ پۆلی (---) گونجاوە یان پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە؟
٣) ئایا ئەو پلانەی دانراوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی (---) تاچ ڕادەیەك سەرکەوتوو بووە؟
٤) ئایا دەرچوانی بەشی (---) کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی پەسەندە بە پێی پلانی ئامادەکردنیان بۆ وانە وتنەوە لە پسپۆڕی (---) یان نا؟ دەبێت چ گۆڕاکارییەکی تێدا بکرێت؟

## تایبەتمەندییەکانی هەڵسەنگاندن:-

**یەکەم: بەردەوامی، (Continues):-** واتا کۆتایی نەهێنان بە هەڵسەنگاندن لە بواری فێربوون و فێرکردندا، لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندنی کۆتایی بۆ هەر شتێك دەبێتە هەڵسەنگاندنی سەرەتایی بۆ بەشێك یان قۆناغی داهاتوو، بۆیە پێویستە سەرەتای وتنەوەی هەر بابەتێکی نوێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، ئایا خوێندکار تاچ ڕادەیەك ئامادەیی فێربوونی ئەو بابەتەی هەیە؟ چی فێر بووە، سەرەڕای ئەوەی مامۆستاش لە ناو پۆلدا بەردەوام پرسیار ئاراستەی خوێندکاران دەکات بەمەبەستی زانینی ڕادەی تێگەیشتنیان و دیاری کردنی لایەنی بەهێز و لاوازی فێربوونیان. ئەگەر مامۆستا زانی خوێندکاران تێگەیشتنیان بۆ وانەکە لاوازە ئەوا پێویستە وانەکە بەشێوەیەکی تر دووبارە بکاتەوە و بەشێوەیەکی ڕوونتر خوێندکاران تێبگەیەنێت و ئامانجەکان جێبە جێ بکەن.

**دووەم: هاوکاری، (Cooperative):-** واتا ئەو لایەنانەی پەیوەندییان هەیە بە کرداری فێربوون و فێکردن وەك: ﴿خوێندکار و مامۆستا و ماڵەوە .... هتد﴾ هاوکاری یەکتر بن لە کرداری هەڵسەنگاندن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و

Lecture: Karzan Mohammed Arif Email: karzan.arif@univsul.edu.iq

چاكسازى كردن تێيدا، لەبەر ئەوەى لە كردارى فێربوون و فێركردن گرووپێك چالاكى ئەنجام دەدەن هەندێك لەو چالاكيانەش لە دەرەوەى پۆل ئەنجام دەدرێت بۆ كۆكردنەوەى زانيارى و بڕيارى هەڵسەنگاندن.

**سێيەم: گشتێتى، (Comprehensive):-** واتا كۆكۆدنەوەى زانيارى لە پێناو بەكارهێنانى هەموو ئەو شێواز و ئامرازانەى كە گونجاون بۆ هەڵسەنگاندنى ئەو لايەنانەى وەك: ﴿تاقيكردنەوەى زارەكى و نوسينەكى و تێبينى كردن و چاوپێكەوتن﴾ و لە لايەكى تريشەوە گشتێتى بەماناى ئەوەى هەڵسەنگاندن هەموو ئەو شوێن و لايەنە دەگرێتەوە كە پەيوەندييان هەيە بە فێربوون و فێركردن، وەك گونجاوى ژينگەى ماڵ و پۆل و قوتابخانە و ئامێرەكان.

## جۆرەكانى هەڵسەنگاندن (أنواع التقويم):-

دەتوانين بە پێى كات و ئامانج و مەبەستى هەڵسەنگاندنەكە جۆرەكانى هەڵسەنگاندن، بەم شێوەى خوارەوە ديارى بكەين:-

### ١- هەڵسەنگاندنى سەرەتايى (التقويم التمهيدي) ( Initial Evaluation ):-

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە، لە سەرەتاى پرۆگرام و خول و وەرشەى كارەكەدا دەبێت، بۆ ئەوەى لە ڕێگەيەوە تواناو ئاستى فێرخواز يان بەشداربوو ديارى بكرێت. سوودەكانى ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە ئەوەيە كە دەتوانين بە پێى لێهاتوويان بەسەر گروپ و پۆلەكاندا دابەشيان بكەين، سەرەڕاى ئەوەش بزانين لە كوێ وە دەست پێبكەين و بابەت و زانياريەكان بە پێى تواناو لێهاتوويان ئامادە بكەين، هەروەها دواى پێدانى بەرنامەو پرۆگرامەكەو تاقيكردنەوەو هەڵسەنگاندنيان، دەتوانين دەرئە نجامەكە بە دەرئە نجامى ئەم هەڵسەنگاندنە بەراورد بكەين، بۆ ئەوەى بزانين تا چەند ئەو بەرنامەو پرۆگرامە كاريگەرى هەبووە و فێرخواز و بەشدار بووەكان سووديان وەرگرتووە.

بۆ نموونە كاتێك خولێكى كۆمپيوتەر يان زمانى ئينگليزى دەكرێتەوەو سەدەها كەس داواكارى پێشكەش دەكەن، ئا لەم كاتەدا ناتوانرێت بە بێ هەڵسەنگاندنى سەرەتايى ئەو كەسانە پۆلێن بكرێن، بەلام كاتێك ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەيان بۆ دەكرێت، ئەوە بۆمان دەردەكەوێت كە هەندێكيان زانياريان لەو بوارەدا زۆر كەمە، بەلام هەندێكى تريان مام ناوەندى و ئەوانى تر زۆر باشن، ئەو كاتە دەتوانين دابەشيان بكەين بەسەر سێ گرووپدا ( گرووپى سەرەتايى، گرووپى مام ناوەندى، گرووپى بالا ).

هەروەها كاتێك لە سەرەتاى خوێندن، ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە بۆ فێرخوازەكان دەكرێت و دواى وەرگرتنى زانيارى و پراكتيزەكردنى بەرنامەكە هەڵسەنگاندنێكى تر بۆ ئەو فێرخوازانە دەكرێت و هەردوو دەرئە نجامەكە بە يەكترى

بەراورد دەکرێت ، ئینجا ئەگەر دەرئە نجامی هەڵسەنگاندنی دووهەم جار باشتر بوو لە دەرئە نجامی هەڵسەنگاندنی یەکەم جار ، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو بەرنامەو پرۆگرامە سەرکەوتوو کاریگەر بووە .

## ٢- هەڵسەنگاندنی پێکهێنەر ( بونیادی ) ( التقويم البنائي ) ( Formative Evaluation ) :-

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە هاوشانی پرۆسەی فێرکردنەو هەر لە یەکەم هەنگاوی فێرکردنەوە تا کۆتایی کۆرس یان وەرزو ساڵەکە بەردەوام دەبێت . واتە بەردەوام مامۆستا لە ماوەی کورت کورتدا ( دوای هەر وانەیەك بێت یان دوای هەر بابەت و یەکەیەکی خوێندن بێت ) هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازەکان دەکات ، بۆ ئەوەی بزانێت تا چەند سوودیان لە بابەتەکە وەرگرتووە ، سەرەڕای دیاریکردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانیان .

لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا مامۆستا بابەتەکانی خوێندنی ئەو وەرزە یان ساڵە بەسەر چەند بەش و وانەیەکدا دابەش دەکات و دواتر د وای هەر بەش و وانەیەك هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازەکان دەکات . مەبەستی سەرەکی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە دیاریکردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی فێرخوازە ، واتە بۆ ئەوەیە تا بزانرێت فێرخوازەکان لە چ بەش و وانەیەکدا بەهێز یان لاواز یان مام ناوەندین.

### ئامانجی هەڵسەنگاندنی بونیادی:-

١. زانینی پێداویستی فێربوون و ڕاستکردنەوەی هەر هەڵەیەك هەبێت لەکاتی وانە وتنەوەدا و دابین کردنی زانیاری پێویست بۆ ئاراستەکردنی فێربوون و فێرکردن.
٢. هاندانی فێرخواز بۆ پرۆسەی فێربوون .
٣. بەخشینی مامۆستا بە فیدباك.

### کەرەستەکانی هەڵسەنگاندنی دروستکەر:-

أ- پرسیاری ناو پۆل.
ب- ئەرکی ناو پۆل و ماڵەوە.
ج- تاقیکردنەوە کورتەکان.
د- تێبینی.
ه- گفتوگۆکردن.

## ٣- **هەڵسەنگاندنی کۆتایی** (التقویم الختامي أو التجمیعي) **(Evaluation Summative)** :-

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە کۆتایی هەموو کۆرس و وەرزو ساڵێکدا بە ئاکام دەگەیەنرێت ، مەبەستی سەرەکی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە وەرگرتنی بڕیارە دەربارەی گواستنەوەو دەرچوونی فێرخواز لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر یان مانەوەی لە هەمان قۆناغ ، واتە کاتێك ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە کۆتایی ساڵ یان کۆتایی وەرز دەکرێت ، ئەوا بڕیار دەدرێت لەسەر چارەنووسی ئەو فێرخوازەو بڕیار دەدرێت بە دەرچوون یان دەرنەچوون .بەلاّم لە هەڵسەنگاندنی بونیادو پێکهێنەر ، بڕیار لەسەر چارەنووسی فێرخواز نادرێت ، واتە ئەگەر دەریش نەچێت ئەوا بۆی هەیە خۆی چاك بکات و دووبارە هەوڵ بدات و لە تاقیکردنەوەکانی تردا دەربچێت . لە هەڵسەنگاندنی کۆتایدا ، خاڵە بەهێزو لاوازەکانی پرۆگرام و کاریگەری مامۆستای باش یان خراپ دەردەکەوێت و دەتوانین لە ڕێگەیەوە بڕیار لەسەر باش و خراپی پرۆگرامەکانی خوێندن و بەهێزی و لاوازی مامۆستاو ئامڕازەکانی ڕوونکردنەوەو فێربوون بدەین ، هەروەها لە دەرئەنجامی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا ، بڕوانامەی دەرچوون بە فێرخواز دەدرێت.

### سودەکانی هەڵسەنگاندنی کۆتایی :-

١) زانینی ئەو پێویستی و زانیارییانەی کە پێویستە خوێندکار بیزانن لە پاش خوێندنی بابەتەکان.
٢) زانینی بەدی هێنانی ئاما نجەکان.
٣) پێدانی بڕوانامە بە فێرخوازەکان.
٤) ڕێنمایی کردن و ئاراستەکردنی پەروەردەییانە.
٥) هەڵسەنگاندنی کاریگەری بەرنامەکانی خوێندن و گەشە کردن و بەرە و باشتر کردن.

## ٤- **هەڵسەنگاندنی پێوەری** (التقویم المعیاري المرجع) **(Norm – Referenced EV. )** :-

لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا ، بە پێی پێوەری تایبەتی کە بەزۆری ناوەندی ژمێرەیی ( الوسط الحسابی ) یە بڕیار لەسەر کارو چالاکی و بەرهەمەکانی تاك دەدرێت ، واتە کاتێك تاقیکردنەوەو ئەزموون بۆ کۆمەڵێك فێرخواز دەکرێت و هەریەکەیان نمرەی خۆی وەردەگرێت ، دواتر هەموو نمرەکان کۆدەکرێنەوەو دابەشی سەر ژمارەی فێرخوازەکان دەکرێت ، دەرئەنجامی ئەم دابەش کردنە دەبێت بە ناوەندی ژمێرەیی ( پێوەر ) بۆ هەموو نمرەکانی تر ، واتە لە ڕێگەی ئەو پێوەرە ( ناوەندی ژمێرەیی ) بڕیار لەسەر ئاست و باش و خراپی فێرخوازەکانی تر دەدەین .

ئینجا ئەوانەی کە نمرەکانیان یەکسان بێت بەو پێوەرە ، ( ناوەندی ژمێرەیی ) ئەوا دەڵێین ئەوانە مام ناوەندین ، بەلاّم ئەوانەی کە نمرەکانیان لە خوار ئەو پێوەرەوە بێت ، ئەوا بڕیار دەدەین و دەڵێین ئاستی چالاکی و کارەکانیان لەخوار ناوەندو ناوەڕاستەوەیە لە کاتێکدا ئەوانەی نمرەکانیان لەسەرو ئەو پێوەرەوە بێت ، بڕیار دەدەین و دەڵێین ، ئاستی ئەو کەسانە لە سەرو ناوەندو ناوەڕاستەوەیە ، بۆ نموونە کاتێك مامۆستا دە ( ١٠ ) فێرخواز تاقی دەکاتەوە و لە

ڕێگەی کۆمەڵێك پرسیارەوە ئاستی تێگەیشتنیان هەڵدەسەنگێنێ و دواتر ئەو دە ( ١٠ ) فێرخوازە ، ئەم نمرانە وەردەگرن .

﴿ ٨٥ ، ٩٣ ، ٩٠ ، ٧٠ ، ٦٥ ، ٤٠ ، ٥٨ ، ٦٩ ، ٨٠ ، ٦٠ ﴾ دوای کۆکردنەوەی هەموو ئەو نمرانە کە دەکاتە ( ٧١٠ ) ، دواى ئەوە کۆی ئەم ژمارانە دابەشی ژمارەی فێرخوازەکان دەکەین ﴿ ٧١٠ ÷ ١٠ = ٧١ ﴾ ، ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی یەکسانە بە ( ٧١ ) ، ئەم ژمارەیە دەبێت بە پێوەرو سەرچاوەو ( مەرجەع ) بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەو دە ( ١٠ ) فێرخوازەو دەڵێین :-

١- فێرخوازی ژمارە چوار نزیکە لە مام ناوەندیەوە ، بەڵام ئاستی فێرخوازەکانی ژمارە ( ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ١٠ ) لە خوار مام ناوەندیەوەن . فێرخوازەکانی ژمارە ( ١ ، ٢ ، ٣ ، ٩ ) لەسەرو مام ناوەندیەوەن ، کەواتە لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا ، پشت بە پێوەر دەبەسترێت و لە ڕێگەیەوە ئاست و تواناو لێهاتوویی فێرخواز دیاری دەکرێت و دواتر بە هاوەڵ و هاو پۆل و هاو تەمەنەکانی خۆیان بەراورد دەکرێن . ئەم پێوەرەش پشت بە نمرەی سەرجەم فێرخوازو تاکەکانی ئەو گروپە دەبەستێت . شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە زۆربەی تاقیکردنەوەکانی خوێندنگاو قوتابخانەکان و زیرەکی پێوو کەسایەتی پێوەکان ، لە ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەیە ، لەبەر ئەوەی پشت بە پێوەری تایبەتی دەبەستێت و لە ڕێگەی ئەو پێوەرەوەهەڵسەنگاندن دەکرێت ، هەر لەبەر ئەوەشە کە بە ( هەڵسەنگاندنی پێوەری ) ناو دەبرێت .

## ٥- هەڵسەنگاندنی مەرجی و مەحەکی ( التقويم المحكي ) (Criterion Reference EV. ):-

لە ئە نجامی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنەی کە لە بواری پەروەردەو فێرکردندا ڕوویانداوە ، سەرەڕای هەوڵی زاناو توێژەرانی بواری پێوانەو هەڵسەنگاندن جۆرێکی تر لە هەڵسەنگاندن هاتە گۆڕەپانی پێوانەو هەڵسەنگاندنەوە ، ئەویش هەڵسەنگاندنی مەرجی و ( مەحەکیە ) . لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا هەر لە پێشەوەو لە سەرەتاوە سەنگ و مەرج و ( مەحەکی ) تایبەتی دیاری دەکرێن و دواتر ئاست و بەرهەم و چالاکیەکانی تاك بە ئەو مەرج و ( مەحەکە ) بەراورد دەکرێت و لە ڕێگەی ئەو مەرج و سەنگ و ( مەحەکە ) ەوە هەڵسەنگاندن دەکرێت .واتە لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا پشت بە پێوەرو ناوەندی ژمێرەیی و چالاکیەکانی ئەندامەکانی ئەو گروپەی هەڵدەسەنگێندرێ ، نابەسترێت ، بەڵکو هەر لە یەکەم جارو پێش تاقیکردنەوەو ئەزموونەکە ئاست و مەرج و ( مەحەکی ) تایبەتی دادەنرێت و دەبێت ئەو کەسە بگاتە ئەو ئاست و مەرج و ( مەحەکە ) ئینجا بە سەرکەوتوو دادەنرێت .

بۆ نموونە مامۆستای زمان کاتێك فێرخوازەکانی تاقیدەکاتەوە ، هەر پێش کاتی تاقیکردنەوەکە ، ئاست و مەرج و ( مەحەکی ) تایبەتی بۆ فێرخوازەکان دادەنێت و دەڵێت ﴿ دەبێت فێرخواز بە سەرکەوتوانە ماناى ( ٩٠ ) وشە لە کۆی ( ١٠٠ ) وشە بزانێت﴾. واتە لێرەدا ( ٩٠ ) نەوەد وشە مەرج و سەنگ و ( مەحەکە ) بۆ سەرکەوتن و دەرچوونی فێرخوازەکان ، ئینجا ئەگەر هەر فێرخوازێك بە سەرکەوتووانە ماناى ( ٩٠ ) وشەی زانی و گەیشتە ئەو مەرج و ئاست و

سەنگ و ( مەحەکە ) ی کە مامۆستا دایناوە ، ئەوا بە سەرکەوتوو دادەنرێ بەڵام ئەو کەسەی کە تەنها مانای ( ٨٩ ) وشە یان کەمتر دەزانێ و ناگاتە ئەو ئاست و مەرج و ( مەحەکە ) ی کە مامۆستا دایناوە ، ئەوا بە دەرنەچوو لە قەڵەم دەدرێت.

لەوانەیە هیچ کەس نەگاتە ئەو مەرج و ئاستەو مانای ( ٩٠ ) وشە نەزانێ و تەنها مانای ( ٨٧ ) وشە بزانێ پێش هەموو هاوڕێکانی بکەوێ ، بەڵام هەر بەسەرنەکەوتوو دەرنەچوو ، وەك هاوڕێکانی تری لە قەڵەم دەدرێ لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە بگاتە ئەو ئاست و مەرج و ( مەحەکە ) ی کە مامۆستا هەر لە سەرەتاوە و پێش تاقیکردنەوەکە دایناوە ، هەرچەندە یەکەمی هاوڕێ و هاوتەمەنەکانیەتی ، چونکە لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا پشت بە پێوەرو ناوەندی ژمێرەیی گروپەکەی نابەسترێت ، بەڵکو پشت بە ئاست و مەرج و ( مەحەکی ) پێش وەختەی نەگۆڕ دەبەستێت، کەواتە لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا چالاکی و وەڵامەکانی فێرخواز بە چالاکی و وەڵامەکانی هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی خۆی بەراورد ناکرێت بەڵکو چالاکی و وەڵامەکانی بە ئاست و مەرج و ( مەحەکی ) نەگۆڕ و دیاریکراو کە پێش ماوەیەك دیاریکراوە بەراورد دەکرێت و دواتر بڕیار دەدرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ.

## ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن :-

بۆ کۆکۆدنەوەی زانیاری دەتوانرێت چەند جۆرێك لە ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن بەکاربهێنرێت بە مەرجێك ئەو ئامرازانە گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی ئەو بابەتە یان ئەو خەسڵەتە، لە پێناو کۆکردنەوەی زانیارییەکی ورد و دروست لەو ئامرازانە :-

### یەکەم : لیستی پشکنین، ( Chick List ) :-

لیستێکە لە چەند بڕگەیەك پێکدێت، وە هەر بڕگەیەك تایبەتە بە پێوانەکردنی یەکێك لە ڕەوشتەکانی خەسڵەتی پێوانەکراو بە مەرجێك ڕەوشتێکی بینراو بێت و بە ئاسانی خەملاندنی بۆ بکرێت و ئەنجامدانی تەنها لە دوو ئاستدا بێت وەك : ﴿بەڵێ، نەخێر﴾ یان ﴿ڕازیم، ناڕازیم﴾ یان ﴿ڕاستە، هەڵەیە﴾ یان ﴿گونجاوە، نەگونجاوە﴾ و ه لە هەندێك جاردا بڕگەکانی بەشێوەی لۆژیکی هەندێك جار هەڕەمەکی دەخرێنە ئەو لیستەوە بە پێی سروشتی خەسڵەتی پێونەکراو.

| ژ | دەستە واژە – برگە | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ئۆقرە لەسەر کورسیەکەی دەگرێت. | / | |
| ٢ | یاری بە کەل و پەل و جانتاکەی دەکات. | / | |
| ٣ | قسە لەگەڵ هاورێکانی دەکات. | / | |
| ٤ | داڵغە لێ دەدات لە کاتی وانەکە. | | / |
| ٥ | کارایە لە بەشداری کردن لە وانەکە. | | / |

## دووەم: خەملاندنی پلە پلەیی، (Rating Scale):-

جیاوازی ئەم جۆرە لە جۆری رابردوو تەنها ئەوەیە کە وەڵامی برگەکان لە دوو ئاست زیاترە، واتا سێ ئاست یان رەهەند سەروتر دیاری دەکرێت بۆ وەڵامدانەوەکە، وە لە زۆر جاردا ژمارەی ئاستەکان بە شێوەی تاك، بۆ نمونە (٣، ٥، ٧) ئاست بە مەرجێك ریزبەندی هەبێت لە نوسینی ئاستەکانوتا بە شێوەی پلە پلەیی بێت لەبەرزەوە بۆ نزم یان بە پێچەوانەوە، وە هەر ئاستێك بە نوسین یان بە ژمارە دیاری دەکرێت، بۆ نمونە (زۆرباش، باش، ناوەند، لاواز، زۆر لاواز) وەك پێوەری (لیگەرت) یان (٥، ٤، ٣، ٢، ١) وەك رێبازی پیرسون ز جوتمان. (نمون): رەوشتەکانی قوتابی لەناو پۆل ----

| ژ | برگە | بەردەوام ٥ | زۆرجار ٤ | هەندێ جار ٣ | بە کەمی ٢ | زۆر بە کەمی ١ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەشداری کردن لە ناو پۆل. | / | | | | |
| ٢ | پرسیاری ورد دەکات لەسەر بابەتەکە. | | / | | | |
| ٣ | ئەرکەکانی ماڵەوە ئەنجام دەدات. | | | / | | |

## سێیەم: تۆماری رۆژنە:-

ئەم جۆرە بەسەرچاوەیەکی ئامادەکراو دادەنرێت بۆ کۆکردنەوەی هەندێك زانیاری تۆمارکراو لەسەر تاکەکان لەو دام و دەزگایەی کە کاریان تێیدا کردووە، ئەو زانیاریانە رێك دەخرێت و پۆلین دەکرێت پاش وەرگرتنی بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژەر، لە بواری پەروەردەی تایبەت لە خوێندنگاکاندا زۆربەی ئەو چالاکی و کردار و رەوشتانەی وەك کێشەکانی خوێندکار تۆمار دەکرێت لە تۆمارێکی تایبەت و بەکار دەهێنرێت لە کاتی پێویستدا.

## چوارەم: پێوەری پەیوەندییە کۆمەڵایتیەکان، (Sociometer):-

ئەم جۆرە بەکار دەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان تاکەکاندا، بۆ نمونە لە قوتابیەك داوا دەكرێت كە لە ناو پۆلدا چەند كەسانێك هەڵبژێرێت بۆ ئە نجامدانی كارێكی دیاری كراو ئایا بۆ چالاكی یان توێژینەوە بێت، یان هەندێك جار هەڵس و كەوتی تاكێك تێبینی دەكرێت لەگەڵ ئەو كەسانەی كە پەنایان بۆ دەبات لەكاتی ئە نجامدانی هەندێك كاری كۆمەڵایەتی و ئەو پەیوەندیەی كە دووبارە دەبێتەوە لەو جۆرە مامەڵانەدا، زانینی تایبە تمەندی ئەو كەسانە دەبێتە بناغەی دەست نیشان كردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی و لایەنی بەهێزی و لاوازی دیاری دەكرێت و پلان دادەنرێت بۆ ئاراستەكردنی كارێكی تایبەت یان بۆ پۆلین كردن.... هتد.

هەڵسەنگاندن لەم جۆرە پێوەرانە لە پێناو ئەم جۆرە پرسیارانەیە:-

١- كێ هەڵدەبژێریت بۆ ئە نجامدانی توێژینەوە؟
٢- كێ دیاری دەكەیت بۆ ئە نجامدانی گەشتێك؟
٣- حەز لە كێ دەكەیت یان پێشنیار دەكەیت بۆ نوێنەرایەتی یان سەركردایەتی؟

## پێنجەم: تاقیكردنەوەكان، (Tests):-

تاقیكردنەوەكان بەكار دەهێنرێن بۆ دەست نیشان كردنی توانای قوتابیان و ئاستی دەستكەوتیان، زانینی كێشەكانیان دەست نیشانكردنی لایەنی بەهێز و بێهێزی و پۆلین كردنیان و درك پێكردنی ڕەوشتیان لە داهاتوودا.

## هەنگاوە گشتیەكانی هەڵسەنگاندن:-

یەكەم: دیاری كردنی بابەتی هەڵسەنگاندن و مەبەستەكانی:- وەڵامدانەوەی هەندێك پرسیار و دیاری كردنی ئەو كێشانەی پێویستە چارەسەر بكرێن.

دووەم: ئامادە سازی بۆ كاری هەڵسەنگاندن:-

١. ئامادەكردنی ئامراز و تاقیكردنەوە و پێوەرە گونجاوەكان بۆ كۆكردنەوەی زانیاری پێویست.
٢. ئامادەكردنی كادری ڕاهێنراو بۆ كۆكردنەوەی زانیاری و ئە نجامدانی كاری هەڵسەنگاندن.
٣. دانانی پلانێك بۆ كاتەكانی ئە نجامدانی كاری تاقیكردنەوەكان.

**سێیەم: جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن:-**

١. هەڵبژاردنی ئامرازی زۆر شیاو و گونجاو لەلایەنی نەگۆڕی و ڕاستێتی واتە هەڵەی زۆر کەم بێت.
٢. چۆنێتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێوانە و هەڵسەنگاندن لە لایەنی بەڕێوەبردن و ئەزموونکردن ڕاڤەو لێکدانەوەیان.
٣. ئاگادار بوون لە هەڵەی وەك ﴿خەملاندن﴾ کاریگەر بوونی وەڵامی ڕێکەوت، کە لە تاقیکردنەوە بابەتییەکاندا ڕوو دەدات.
٤. شیکردنەوەی داتاکان و لێکدانەوە و گەیشتن بە پوختەی ئەنجامەکان.
٥. بڕیاردان.
٦. چاکسازی.
٧. ئاستی قورسی و گرانی تاقیکردنەوەکە، مرتاقیکردنەوەیەك پرسیارەکانی زۆر ئاسان یان قورس بێت ئەوا ئاستی نەگۆڕی نزم دەبێت، لەبەر ئەوەی وەڵامی تاکەکان وەك یەك دەبن و جیاوازی دەرناکەوێت لە نێوانیاندا، ئەنجا نەگۆڕی نزم دەبێت.

## بوارەکانی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی:-

### یەکەم: هەڵسەنگاندنی خوێندکار:- هەڵسەنگاندنی سەرجەم لایەنەکانی قوتابی دەگرێتەوە لەوانە:

- لەڕووی زانیارییەوە:- هەڵسەنگاندنی زانیارییەکانی خوێندکار وەری گرتووە وەك ڕاستیەکان و چەمکەکان و ڕێنمایی و تیۆرەکان، کە لە بواری خوێندن بەدەستی هێناوە، لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و تێبینی کردن هەڵسەنگاندن بۆ خوێندکار دەکرێت.
- لە ڕووی لێهاتوویی:- هەڵسەنگاندنی ئاستی لێهاتوویی خوێندکار لەوانەیە ئەکادیمی بێت وەك نوسین و خوێندنەوە، یان لێهاتووییەکی کۆمەلایەتی بێت. لێهاتوویی بە واتای توانای تاك لە جێبەجێکردنی لایەنێکی دیاری کراو بە کەمترین کات و تێچوون، بە نمونە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی زانستی لە تاقیگە دەتوانرێت پێوانەی لێهاتوویی فێرخواز بکرێت لە ڕێگەی تێبینی کردن و جێبەجێکردن لە تاقیگە.
- لە ڕووی توانای بیرکردنەوەی خوێندکار:- توانای بیرکردنەوە یەکێکە لە ئامانجە پەروەردەییەکان، لە ڕێگەی ئەو زانیاری و چالاکیانەی کە خوێندکار لە پرۆسەی خوێندن بە دەستی دەهێنێت کاربکات لەسەر گەشەکردنی توانای بیرکردنەوەی خوێندکار و هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان.
- لە ڕووی ئاراستەکانی خوێندکار:- هەڵسەنگاندنی ئاراستەکانی خوێندکار بەرامبەر بابەتێکی دیاری کراو نمونە کارکردنی ژنان یان خوێندنەوەی کتێب..... هتد.

- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە:- هەڵسەنگاند پرۆسەیەکی گشتگیرە بۆیە دەبینین سەرجەم لایەنەکانی فێرخواز دەگرێتەوە لەوانەش لایەنی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە پرۆسەکانی هەڵسەنگاندن تاکو ئاستی گونجاندنی فێرخواز لەگەڵ ژینگەکەی بزانرێت.

## دووەم: هەڵسەنگاندنی مامۆستا:- مامۆستا یەکێکە لە پایەکانی پرۆسەی فێربوون بێگومان هەڵسەنگاندنیش ئەم لایەنانە پەروەردە دەگرێتەوە:-

١. کەسایەتی سەرنج ڕاکێش بێت.
٢. توانای گونجاندنی هەبێت.
٣. ورد بین بێت لە کارەکانی.
٤. نەرم و نیان بێت.
٥. گیانی هاوکاری تێدا بێت.
٦. پشو درێژ بێت.
٧. بڕوای بەخۆی هەبێت.
٨. داهێنەر بێت و هونەری بێت.
٩. کۆنترۆڵی هەڵچوونەکانی خۆی بکات.
١٠. توانای زانستی باش بێت.

## هەڵسەنگاندنی مامۆستا بە چەند شێوەیەك دەکرێت:-

- هەڵسەنگاندنی خودی مامۆستا:- ئەم جۆرە مامۆستا خۆی هەڵسەنگاندن بۆ خۆی دەکات لە ڕێگەی پێوەرێکی ئامادەکراوەوە.
- هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە لایەن فێرخوازەوە:- فێرخواز ئەم هەڵسەنگاندنە ئەنجام دەدات لە ڕێگەی پێوەرێکی تایبەت کە لە چەند بڕگەیەك پێکهاتووە، سەبارەت بە مامۆستا و شێوازی وانە واتنەوە.
- هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە لایەن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی:- ئەویش لایەنێکە لە لایەنەکانی هەڵسەنگاندن تایبەت بە کاری مامۆستا ئەمەش لە ڕێگەی خشتەیەکی ئامادەکراو کە چەند بڕگەیەکی تێدایە سەبارەت بە کارەکانی مامۆستا.

**سێیەم: هەڵسەنگاندنی پرۆگرام:- پرۆگرام لە کۆمەڵە شارەزاییەکی ڕێکخراو پێکدێت لە بواری پەروەردە، جێبەجێ دەکرێت لە ناوەوە و دەرەوەی قوتابخانە بە مەبەستی پێگەیاندنی تاکێکی تەندروست، پرۆگرام لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت:-**

١. دیاری کردنی ئامانجەکانی پرۆگرام.
٢. دیاری کردنی ئەو کێشەیەی لە پرۆگرامەکەدا هەیە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.
٣. دیاری کردنی ئەو ئامرازانەی کە زانیارییەکانی پێ کۆ دەکەیتەوە.
٤. شیکردنەوەی داتاکان.
٥. دانانی چارەسەری پێشنیار کراو.
٦. چاودێری کردنی ئەنجامەکەی.

## ئامانجەکان:-

### مەبەست لە ئامانجی ڕەفتاری چی یە؟

بریتییە لە گۆڕانکاری لە ڕەوشتی خوێندکاردا لە ئاستێك لە ئاستەکانی شارەزایی یان ڕەفتاری لە رووی مەعریفی و ویژدانی کاتێك فێرخواز شارەزایی یەکی پەروەردەیی دیاری کراو بە سەرکەوتوویی تەواو دەکات بە مەرجێك پێوانەی بۆ بکرێت.

### مەرجەکانی دانانی ئامانج:-

١. پێویستە دەستەواژەی ئامانجەکە وەصفی ڕەفتاری فێرخوازەکە بکات.
٢. پێویستە دەستەواژەکە بە شێوەی کرداری دابڕێژرێت.
٣. پێویستە دەستەواژەی ئامانجەکە ڕەفتارێك بێت تێبینی بۆ بکرێت.
٤. پێویستە ئامانجەکە سادە و ساکار بن.
٥. لە ئاستێکی گشگیردا بێت.
٦. ڕاستەقینە و گونجاو بن لەگەڵ کات و توانای وانە وتنەوە.
٧. ڕاستەوخۆ فێرخواز کارەکە بکات.

*Lecture*: Karzan Mohammed Arif Email: karzan.arif@univsul.edu.iq

## ئامانج لە سێ بواری هەستیاردا دەردەکەوێت کە بریتین لە :-

**یەکەم :- رۆڵی لە دانانی پرۆگرام :-** پرۆگرام بە بێ دیاریکردنی ئامانج هیچ رۆڵێکی نابێت، چونکە مەبەستی سەرەکی پرۆگرام و بەرنامەکانی خوێندن هێنانەدی کۆمەڵێك ئاما نجە ، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە کە شارەزایانی پرۆگرام رەچاوی ئاما نجە پەروەردەییەکان بکەن و هەوڵی دانانی ئەو ئاما نجانە بدەن کە پێویستە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ و تاك، سەرەڕای ئەوەش دەبێت ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی ژیان بن، لەبەر ئەوەی ئەو ئاما نجانە لەوانەیە چەندین ساڵ پێش ئێستا دانراون و بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا ناگونجێن یان شیاو نین.

**دووەم :- پرۆسەی فێرکردن :-** ئامانج یارمەتی دەری سەرەکی یە بۆ پرۆسەی فێرکردن بۆ ئەوەی سەرجەم چالاکی مامۆستا و رێگاو شێوازەکانی وانە وتنەوە و ئامرازەکانی روونکردنەوە لە خزمەتی هێنانەدی ئاما نجەکاندا بن، کەسایەتی فێرخواز گەشە بکات بەو شێوەیەی کە ئاما نجەکان دیاری دەکات، بۆیە ئامانج وادەکات کە ماندوو بوون و هێز و چالاکیەکان بە فیڕۆ نەچن.

**سێیەم :- پرۆسەی هەڵسەنگاندن :-** مەبەستی سەرەکی لە پێوانە و هەڵسەنگاندن دڵنیا بوونە لە هێنانەدی ئما نجەکان، بۆیە ئەگەر ئاما نجەکان روون و ئاشکرا نەبن ئەوە مامۆستا ناتوانێت پرۆسەی پێوان و هەڵسەنگاندن ئە نجام بدات، چونکە دانانی پرسیارەکان لەسەر بنەمای ئاما نجەکانە و مەبەست دڵنیا بوونە لەجێبەجێکردنیان. بۆ نمونە : فێرخوازەکان زانیارییان هەیە؟ تێگەیشتون، توانای پراکتیزەکردنی زانیارییەکانیان هەیە و دەتوانن لە ژیانی رۆژانەدا جێبەجێی بکەن، بە پێچەوانەشەوە ئەوا مامۆستا دوچاری کێشە و گرفت دەبنەوە و ناتوانن پێوانە و هەڵسەنگاندن بە ئاکام بگەیەنن.

## جۆرەکانی ئاما نجە رەفتارییەکان :-

**یەکەم :- ئاما نجی مەعریفی :- پۆلێن کردنی ( بلـوم ) ( Bloom )**

بەیەکێك لە پۆلێنە بەناو بانگەکان دادەنرێت بۆ فێربوون و وانە وتنەوە، هەرچەندە هەموو ئەوانەی کار دەکەن لە بواری پەروەردەدا رازی نین بەم پۆلێنە بەڵام تا ئێستا لە هەموویان بە ناوبانگترە، پۆلینەکەش بەم شێوەیەیە :-

أ- بیرهاتنەوە :- واتە توانای فێرخواز بۆ گەڕانەوەی زانیاری، نمونە خوێندکار بتوانێت پێناسەی هونەر بکات.

ب- تێگەیشتن :- زانیارییەکان بە فێرخواز درابێت و تێی گەیشتبێت لە زانیارییەکان، نمونە فێرخواز باس لە گرنگی ژینگە بکات.

ج- پراکتیزەکردن :- بریتییە لە توانای فێرخواز لە ئە نجامدانی کارێك بە شێوەی کرداری، نمونە فێرخواز هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان دیاری بکات.

*Lecture: Karzan Mohammed Arif* Email: karzan.arif@univsul.edu.iq

د-شیکردنەوە:- واتە توانای فێرخواز لە داڕشتن و شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی وەری گرتووە و دیاری کردنی خاڵە جیاوازەکان، واتە فێرخواز توانای ( پۆلین کردن و دیاریکردن و پوختەکردن و بەراوردکردنی ) هەبێت. نمونە فێرخواز جیاوازی لە نێوان جوگرافیای مرۆیی و سروشتی بکات.

ه- پێکهێنان:- توانای فێرخواز لە پێکەوەنانی زانیارییەکان دووبارە کۆکردنەوەیان. نمونە فێرخواز چارەسەر بۆ ڕووداوەکانی هاتووچۆ دیاری بکات.

و- هەڵسەنگاندن:- بریتییە لە بڕیاردان لە گشت ئەو ئەرك و چالاکی و کردارانەی پێشتر تا بزانرێت لە چ ئاستێکدایە. نمونە فێرخواز ڕای خۆی بڵێت لەسەر پرۆژە هونەرییەکانی بەشی پەروەردەی هونەری.

## دووەم:- بواری ویژدانی:- ( کراسول ) (Crasol)

بریتییە لە کۆمەڵە ئامانجێك کە وەصفی گۆڕاوەکان دەکات لە بەهاو حەز و ئاراستەکان، ئەم بواە پەیوەندی بە سۆز و هەڵچوونەکانەوە هەیە.

( کراسول – ١٩٦٤ ) ئامانجی ویژدانی پۆلین کرد بۆ ئەم ئاستانەی خوارەوە:-

١) پێشوازی کردن:- Receiving" واتە هەستکردنی تاك بە بوونی کارتێکەرە دەرەکییەکانی بەهاکان و بە ئاگا بوون بە پێشوازی کردن لێیان. نمونە خوێندکار شتێکی نوێ سەرنجی ڕابکێشێت.

٢) وەڵامدانەوە:- Responding" ڕازی بوونی فێرخوازە بە وەڵامدانەوەی کارتێکەرەکان و مەیل و حەزیان بۆ وەرگرتن.

٣) هەڵسەنگاندن:- Valuing" لێرەدا مەبەست پێدانی بەهایە بە شتەکان و دیاردەکان. نمونە گرنگی دان بە هونەر.

٤) ڕێکخستن:- Organization" توانای تاك یان فێرخواز بە ڕێکخستنی بەهاکان لە سیستەم و چوارچێوەیەك، وە زانینی پەیوەندییەکانیان وە دواتر بەرجەستە بوونی ئەم بەهایانە لە سیستمێکی نوێدا. نمونە فێرخواز هەست بە بەرپرسیارێتی و ئازادی بکات.

٥) بەهای جیاواز:-برتییە لەو ئاستەی کە بیر و بۆچوون و بەهاکان لە ناو یەکتردا دەتوێنێتەوە و یەکانگیری دەکات، لێرەدا فێرخواز گەیشتووە بە فەلسەفەیەکی گشتی وەها کە ڕەنگ دەداتەوە لە ژیانی واقیعیدا. نمونە فێرخواز بابەت لە چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکان بەکار دەهێنێت.

سێیەم:- بواری جوڵەیی لێهاتوویی:- ئەو ئامانجانە دەگرێتەوە کە کۆ بوونەتەوە لەسەر لێهاتوویی جوڵاو ، وەك کاری نوسین، چاپکردن، بەکارهێنانی تاقیگە، گرنگی دەدات بە جوڵەی لەش.

## پۆلینكردنی ئاما نجە جوڵەییەكان بریتین لە :-

١- درك پێكردن :- پێزانین و هەست پێكردن بە شتێك لە ڕێگەی هەستەوەرەكانەوە بۆ ڕەفتارێكی جوڵاوە.
٢- ئامادەباشی :- ئامادە بوونی فێرخواز بۆ ئە نجامدانی جۆرێك لە ڕەفتاری جوڵەیی.
٣- وەڵامدانەوەی ئاراستەكراو :- ئە نجامدانی كارێك یان ڕەفتارێك بەسەر پەرشتی ڕاهێنەرێك یان كەسێكی شارەزا.
٤- ڕاهاتن و دووبارەكردنەوە :- ڕاهاتنی فێرخواز بە ڕەفتارێكی جوڵەیی بەبێ دووبارەكردنەوە.
٥- وەڵامدانەوەی خێرا و ئاشكرا :- ئە نجامدانی كردارەكە بە هەوڵێكی كەم.
٦- گونجاندن :- هەستان بە ئە نجامدانی كارێك بە چەند ڕێگەیەك.
٧- ڕەسەنایەتی :- تواناى فێرخواز لە داهێنان لەو كارەی ئە نجامی دەدات.

## پۆلینكردنی ئە نجامەكان بە پێی كات :-

١. ئاما نجی گشتی :- بریتییە لەو ئاما نجانەی كە ماوەیەكی زۆری پێویستە بۆ بەدیهێنانی و جێبەجێكردنی وە بە گشتی باسیان دەكات، بۆ نمونە : گەشە پێدانی عەقڵی و كۆمەڵایەتی و هەڵچونی، لەوانەیە دوای ساڵێك ئەم ئاما نجە بێتەدی.
٢. ئاما نجی تایبەتی :- بریتییە لەو ئاما نجانەی كە بە وردی دیاری كراون و دەتوانرێت لە ڕەفتار و هەڵس و كەوتی فێرخوازدا ببینرێت، بۆ نمونە : مامۆستا دەیەوێت فێرخواز لە ﴿١ – ١٠٠﴾ بژمێرێت لە ماوەی وانەكەدا یان كاتێكی كەمدا . هەر ئاما نجێكی گشتی پێكدێت لە چەند ئاما نجێكی تایبەتی.

## جیاوازی ئاما نجی گشتی و تایبەتی :-

| ژ | ئاما نجی گشتی | ئاما نجی تایبەتی |
|---|---|---|
| ١ | ماوەیەكی زۆری دەوێت بۆ هێنانەدی. | ماوەكەی كورت دەخایەنێت. |
| ٢ | وەرگیراوە لە فەلسەفەی گشتی دەوڵەت و كۆمەڵگا . | لە ئاما نجی گشتی یەوە وەرگیراوە. |
| ٣ | زیاتر لە ئاستێك لە ئاستەكان دەگرێتەوە. | تایبەتە بە یەك ئاست لە ئاستەكان. |
| ٤ | پەیوەستە بەو گۆڕانانەی بڕیارە ڕوودەدات لە ڕەفتاری تاك لە كۆتایی خوێندندا. | گۆڕانكارییەكە لە ڕەفتاری تاكدا ڕوودەدات یەكسەر پێوانە دەكرێت. |
| ٥ | گوزارشت لە سیاسەتی دەوڵەت دەكات. | لەلایەن فێرخوازەوە جێبەجێ دەكرێت. |

# تاقیکردنەوەکان:-

## ئەزموون و تاقیکردنەوەکان ( الاختبارات:-

وەك لە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بە بێ ئەزموون و تاقیکردنەوە و تێست پرۆسەی هەڵسەنگاندن و پێوانەکردن بە ئاکام ناگات، لەبەر ئەوەی تێست و تاقیکردنەوە و پێوانەکار کەرەستە و ئامرازی سەرەکی کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکانە و بە بێ ئەوان ناتوانین هیچ زانیاریەك کۆ بکەینەوە، پرۆسەی پەروەرد ە و فێرکردن پێویستیەکی زۆری بە تێست و پێوانەکار هەیە، تا لە ڕێگەیانەوە تواناو لێهاتوویی و خاڵە بەهێزو لاوازەکانی فێرخواز دیاری بکرێن.

**تاقیکردنەوەکان:-** بریتییە لە کۆمەڵێك پرسیار و هەڵوێست و وێنە یان بە ئاکام گەیاندنی زنجیرەیەك چالاکی و کاری پراکتیکی کە پێویستە فێرخواز وەڵامیان بداتەوە و جێبەجێیان بکات، وەڵامدانەوەکە بە وتە یان نوسین یان پراکتیکی دەبێت.

**جۆرەکانی تاقیکردنەوە:-** لە گرنگترین ئەزموون و تاقیکردنەوەو تێستەکانی بواری پەروەردەو فێرکردن، ئەمانەی لای خوارەوەن:-

﴾تاقیکردنەوەی زارەکی – تاقیکردنەوەی نوسین – تاقیکردنەوەی پراکتیکی﴿

### یەکەم:- پرسیاری زارەکی (الاختبارات الشفوية):-

کۆنترین جۆری تاقیکردنەوەیە کە لە مێژەوە بەکاریان هێناوە، بۆ هەڵسەنگاندنی فێرخوازەکانیان هەندێك جار پرسیارە نووسراوەکان ( گوتاری و بابەتی ) ئامانجی مامۆستا ناپێکێت ، بۆیە ناچار دەبێت کە پەنا بۆ جۆرێکی تر لە پرسیار ببات ئەویش پرسیاری زارەکیە . پرسیاری زارەکی ئەو جۆرە پرسیارەیە کە خوێندنەوەو نووسینی تێدا بەکار ناهێنرێت ، بەڵکو تەنها پرسیار لە فێرخواز دەکرێت و پێویستە فێرخواز بەدەم ( زار ) وەڵامی مامۆستا بداتەوە، ئیتر بەبێ ئەوەی یەك وشە بنووسێ یان بیخوێنێتەوە بەزۆریش ئەم جۆرە پرسیارانە لەو شێوەیەیە کە وەڵامی درێژ یان کورتی پێویستە، بە دەگمەن لە ئەو جۆرەیە کە وەڵام هەڵبژێری واتە ( بابەتی ) بێت.

بەزۆریش پرسیاری زارەکی تاکیە ( فردی ) واتە لەیەك کاتدا پرسیار تەنها لە فێرخوازێك دەکرێت و ناتوانرێت بدرێت بە ژمارەیەك فێرخواز، لەبەر ئەوەی وەڵامەکە دەزانرێت و ئەوانی تریش هەمان وەڵام دەدەنەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەم جۆرە پرسیارانە ناتوانێت هەڵسەنگاندنی گشتی بۆ هەموو فێرخوازەکان بکات و بە یەکتریان بەراورد بکات، لەبەر ئەوەی هەموویان وەڵامی چەند پرسیارێکی هاوبەش نادەنەوە، بەڵکو هەریەکەیان وەڵامی پرسیارێك

دەداتەوە کە جیاوازە لە پرسیاری فێرخوازێکی تر، ئەمەش وا دەکات کە پرسیاری هەندێك فێرخواز سووك بێت و هی هەندێکی تریان قورس و ئەوانی تر مام ناوەندی بێت، سەرەڕای ئەوەش ئاما نجی پرسیارەکان جیاواز دەبێت.

هەرچەندە پرسیاری زارەکی ئەو کەم و کورتیانەی هەیە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەتاوەکو ئێستا هەر بەکاردەهێنرێت و رۆلی خۆی هەیە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنداو ناتوانرێت پشت گوێ بخرێت ، لەبەر ئەوەی تەنها ئامرازو کەرەستەیە بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی توانای قسەکردن و دەست نیشانکردنی کەم و کورتی زمان و پێوانەکردنی توانای فێربوونی منداڵی بچووك کە توانای نووسینی نیە ، هەروەها هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی تواناکانی کەسانی نەخوێندەوار.

## لایەنە باشەکانی تاقیکردنەوەی زارەکی :-

١. کاتی کەمی دەوێت بۆ جێبەجێکردن لەسەر ئاستی یەك فێرخواز.
٢. فێرخواز فێری دەربڕینی بۆچوون دەبێت.
٣. هەموو کاتێك دەتوانرێت بەکار بهێنرێت.
٤. ئەرك و تێچوونی کەمە .
٥. شەرم ناهێڵێت.
٦. زانیارییەکان ڕاستەوخۆ دەردەبڕێت.
٧. نوسین و ماندوو بوونی نییە.
٨. بواری غەشکردن تێیدا کەمە .

## کەم و کوڕییەکانی تاقیکردنەوەی زاەکی :-

١. کاتێکی زۆری دەوێت تاکو هەموو فێرخوازەکان تاقیکردنەوە ئە نجام بدەن.
٢. ناتوانرێت هەڵسەنگاندن بۆ گشت لایەنەکانی فێرخواز بکرێت.
٣. نا داد پەروەری هەیە لە پرسیارەکان.

## دووەم :- <u>تاقیکردنەوەی گوتاری ( اختبارات المقالي )</u> :-

هەندێك جار بەم جۆرە تاقیکردنەوانە دەگوترێت ئەو تاقیکردنەوانەی کە پێویستیان بە وەلامی درێژ هەیە ، یان ئەو تاقیکردنەوانەی کە پشت بە وەلامی فێرخواز دەبەستێت ، چونکە لە ئەم جۆرە تاقیکردنەوەدا ، دەبێت فێرخواز پشت بە زانیاری و شارەزاییەکانی ناو مێشکی خۆی ببەستێت و وەلامی پرسیارەکان بداتەوە ، لەبەر ئەوەی هیچ زانیاری و داتاو

شارەزاییەك بە فێرخواز نادرێت ، واتە تەنها پرسیارەکانی لێدەکرێت و ئیتر دەبێت فێرخواز خۆی زانیاریەکانی ناو کۆئەندامی یادکردنەوەی بهێنێتەوە یادی خۆی و دووبارە بیان گەڕێنیتەوە ، ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە بە وشەکانی وەك ( باسی بکە ، روونی بکەرەوە ، بەراوردی بکە ، راڤەی بکە ، بیان ژمێرە ، شیتەڵیان بکەرەوە ، وەسفیان بکە ، بینووسە ، جیاوازی نێوانیان چییە ، .... هتد ) دەست پێدەکات .

## لە نموونەی پرسیارەکانی ئەم جۆرە ، ئەمانەی لای خوارەوەن :-

پ١ : جیاوازی چیە لە نێوان تیۆرەکەی فرۆید و تیۆرەکەی سۆرندایك ؟
پ٢ : گرنگترین شارەکانی کوردستان کامانەن ؟
پ٣ :جیاوازی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ چیە ؟
پ٤ : گرنگترین کۆئەندامەکانی لەشی مرۆڤ چین ؟
پ٥ : ئەمانەی خوارەوە روون بکەرەوە ؟
پ٦ : باسی گرنگترین بەرووبوومەکانی هەرێمی کوردستان بکە .
پ٧ : بەراورد لە نێوان ئاژەڵە شیر دەرو ئاژەڵە شیر نەدەرەکان بکە .

جاری وا هەیە وەڵامەکە پێداویستی بە دوو سێ لاپەڕە هەیە ، جاری واش هەیە پێویستی بە یەك یان نیو لاپەڕە یان چەند دێڕێك هەیە . هەرچەندە رەخنەو گلەیی و گازاندەیەکی زۆر لەم جۆرە پرسیارانە هەیەو کەم و کورتی تێدایە ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەکار دەهێنرێت و زۆر لە مامۆستاکان پەنای بۆ دەبەن ، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك باشی و بەهێزی هەیە و ناتوانرێت وازیان لێبهێندرێت و هیچ پێوانەکارو تێست و تاقیکردنەوەیەکی تر قەرەبوویان ناکاتەوە .

***لە گرنگترین باشی و خاڵە بەهێزەکانی تاقیکردنەوەی گوتاری ئەمانەی لای خوارەوەن :-***

## أ - خاڵە بەهێزو باشیەکانی تاقیکردنەوەی گوتاری :-

١- ئەگەری فرت و فێڵ و قۆپیەکردن کەمترە ، ئەگەر بەراورد بکرێت بە تاقیکردنەوەی بابەتی .
٢- رێگا بە فێرخواز دەدات کە بە سەربەستی و بە بێ شڵەژان و بە ئارەزووی خۆی تێرامان ( التأمل ) بکات و بیرو بۆچونەکانی رێك بخات .
٣- کات و خەرجی کەمی پێویستە .
٤- جیاوازی کردن لە نێوان فێرخوازی بیرکارو بیرمەندو ئەو فێرخوازانەی کە پشت بە لەبەرکردن و ئەزبەرکردن ( درخ ) ی بە بێ تێگەیشتن دەبەستن .
٥- بە ئاسانی ئامادە دەکرێ و دادەنرێت .
٦- توانای پێوانەکردنی ( توانای رێکخستنی وەڵامەکانی ) هەیە .

٧- هەڵسەنگاندنی توانای گەڕاندنەوەی زانیاریەکان و هەڵبژاردنی زانیاری گونجاو
٨- توانای هەڵسەنگاندنی ( چۆنێتی پێش کەش کردنی زانیاریەکان بە شێوەیەکی کاریگەرو مەنتیقی ) هەیە .

**لەگەڵ هەموو ئەو باشی و خاڵە بەهێزانەی سەرەوە ، بەڵام پرسیاری گوتاری بێ کەم و کورتی نییە ، لە گرنگترین خاڵە لاوازو کەم و کورتیەکانی ئەمانەی لای خوارەوەن :-**

## ب - کەم و کورتی و خاڵە لاوازەکانی تاقیکردنەوەی گوتاری:-

١- دانانی نمرەو هەڵەچنی ( تصحیح ) ، لەم جۆرە پرسیارانەدا خودییەو پشت بە بڕیارو مەزاجی مامۆستا دەبەستێت و هەندێك جار هۆکاری کوت و پڕو کەسی و مەزاجی ، ڕۆڵی نێگەتیڤیان لەسەر پرۆسەی هەڵەچنی و نمرە پێدان دەبێت.
٢- هەندێك جار جوان نووسی و ڕەوانبێژی و ڕازاندنەوەی وەڵامەکان و تیانووسی تاقیکردنەوەکان و هۆنینەوەی وەڵامەکان بە وشەی جوان و سەرنج ڕاکێش کاریگەریان لەسەر مامۆستاو پرۆسەی هەڵەچنی هەیەو دوور نیە مامۆستا نمرە لەسەر جوان نووسی و ڕازاندنەوە دابنێ یان نمرە لەو فێرخوازانە کەم بکاتەوە کە نووسینەکانیان جوان نیەو نەیان ڕازاندۆتەوە ، کە ئەمانە هیچیان پەیوەندیان بە ئامانجەکانی تاقیکردنەووە نیەو نابێت نمرەیان لەسەر بێت.
٣- لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەکانی گوتاری تایبە تمەندی خۆی هەیە ، بۆیە ناتوانرێت پرسیاری زۆر بهێندرێتەوە ، لەبەر ئەوە ناتوانرێت ناوەڕۆکی هەموو بابەتەکە هەڵبسەنگێندرێ و پرسیارەکان نموونەیەکی ڕاستگۆ نابن بۆ هەموو بابەتەکەو لەوانەیە هەندێك بەش بە بێ پرسیار بمێننەوەو نەتوانرێت تیایدا بهێندرێتەوە ، چونکە لە ئەم جۆرە تاقیکردنەوانەدا تەنها پێنج شەش پرسیار دەهێنرێتەوە.
٤- زۆر جار لەبەر ئەوەی ژمارەی پرسیارەکانی ئەم جۆرە تاقیکردنەوە کەمن ، بۆیە فێرخواز ڕووبەڕووی گرفتی ( تەم و مژاوی پرسیارەکان و لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی جۆراو جۆر دەبێتەوەو پرسیار زۆر دەکرێت دەربارەی مەبەست و ئامانجی سەرەکی پرسیارەکان ).
٥- هەڵەچنی و خوێندنەوەی وەڵامەکان هیلاکی و کات و ماندوو بوونێکی زۆری دەوێ و زۆرجار مامۆستا بێزار دەبێت .
٦- هەندێك جار بەخت و چانس و ڕێککەوت ڕۆڵ دەبینێ و هەندێك فێرخواز چەند بەشێك دەخوێننەوەو ئەوانی تر پشت گوێ دەخەن ، بەڵام مامۆستا تەنها لەو بەشانەی ئەو خوێندویەتیەوە پرسیار دەهێنێتەوە بۆیە نمرەی باش وەردەگرێ ، کەچی فێرخوازی وا هەیە زۆربەی بەشەکانی بابەتەکەی خوێندۆتەوە ، بەڵام تەنها ئەو چەند بەشە کەمەی نەخوێندۆتەوە کە پرسیارەکانی تێدا هاتووە ، بۆیە نمرەی کەم دەهێنێ .

٧- ئەم جۆرە پرسیارە سەربەستیەکی زۆر بە فێرخواز دەدات و بە ئارەزووی خۆی دەنووسێ و لەم سەرەوە دەبیات بۆ ئەوسەر هەندێك جار لە بابەتەکە دەردەچێت و هەر لە خۆیەوە شت دەنووسێ ، کە ئەمەش کێشە بۆ مامۆستا دروست دەکات.
٨- ئەگەر مامۆستا شارەزاییەکی باشی لە دانانی ئەم جۆرە پرسیارانەدا نەبێت ئەوا دوور نییە پرسیارەکانی ببێتە هۆی هاندانی ( دەرخ ) و ئەزبەرکردنی فێرخواز بەبێ ئەوەی لە ناوەڕۆکی بابەتەکە تێگەیشتبێ و هەرسی کردبێ .

*Lecture*: Karzan Mohammed Arif Email: karzan.arif@univsul.edu.iq

٩- ئەم جۆرە پرسیارانە تەنها پێوانەی لایەنی عەقڵی دەکات و لە لایەنی عەقڵیش بە زۆری تەنها پێوانەی لایەنی مەعریفی ( یادکردنەوەو گەڕاندنەوەی زانیاری و تێگەیشتن ....هتد ).

## بنەماکانی ئامادەکردنی پرسیارەکانی گوتاری :-

بۆ ئەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی گوتاری ئاکامەکانی خۆی بپێکێ و لە خاڵە لاوازەکانی کەم بکرێتەوە ، ئەوا دەبێت لە کاتی دانانی ئەم جۆرە پرسیارانەدا ، رەچاوی ئەم خاڵ و بنەمایانەی خوارەوە بکرێت .

١- پێویستە تاقیکردنەوەی گوتاری ، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئامانجانە بەکار بهێندرێ کە ناتوانرێت بەو شێوەیە لە رێگەی تاقیکردنەوەی بابەتیەوە هەڵبسەنگێندرێن .
٢- لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی گوتاری ، پێویستی بە کاتی کەم هەیە بۆ ئامادەکردن و دانانی ، بەلاّم کاتێکی زۆری دەوێ بۆ هەڵەچنی . بۆیە بەباش دەزانرێ کە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا بەکاربهێندرێ :-
أ-کاتێك ژمارەی فێرخوازەکان کەم بن .

ب- کاتێکی کەم هەبێت بۆ ئامادەکردن و دانانی پرسیارەکان .

٣- پێویستە هەموو پرسیارەکان روون و ئاشکراو بێ گرێ بن ، وە هەر پرسیارێك تایبەت بێت بە کێشەو گرفتێك .

٤-ئەگەر مە بەستی مامۆستا لە تاقیکردنەوەکە ، هەڵسەنگاندنی گشتی بێت بۆ دەست کەوت و زانیارەکانی فێرخوازەکان، ئەوا نابێت پرسیاری پشت گوێ خراوی ( ترك ) تێدا بێت ، بەڵکو دەبێت هەموو پرسیارەکان وەلاّم بدەنەوە، چونکە ئەگەر بوار بە فێرخوازەکان بدرێت کە بە ئارەزووی خۆیان وەلاّمی یەکێك لە پرسیارەکان نەدەنەوە، ئەوا لە ئە نجامدا بنەماو زەمینەیەکی هاوبەش بۆ بەراوردکردنی دەرئە نجامی تاقیکردنەوەی فێرخوازەکان نابێت ، چونکە هەرچەند فێرخوازێك یەکێك لە پرسیارەکان وەلاّم نادەنەوە ، واتە هەموویان وەلاّمی یەك جۆر پرسیار نادەنەوە .

٥-پێویستە پرسیارەکان پێش ماوەیەك لە کاتی تاقیکردنەوە ، ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی مامۆستا چەند جارێك چاوی پێدا بخشێنێتەوە و سەرنجی ئامانجەکانی بدات ، تا ئەگەر کەم و کورتی تێدا بوو ، ئەوا چاکیان بکاتەوە . بەلاّم ئەگەر پێش ماوەیەکی زۆر کەم پرسیارەکان ئامادە بکات و بواری دووبارە چاوپێدا خشاندنی نەبێت ، ئەوا دوور نیە لە کاتی تاقیکردنەوە مامۆستا رووبەڕووی کێشەو گرفت ببێتەوەو هەندێك لە پرسیارەکان تەم و مژاوی بن ، یان دووبارە بن یان کەم و کورتیان تێدا بێت ، کە لەو کاتەش و لە ناو هۆڵی تاقیکردنەوە چارەسەرکردنی ئەو گرفت و کەم و کورتیانە کارێکی ئاسان نابێت و لەهەمان کاتیشدا لاوازی تواناى مامۆستا لە دانانی پرسیارەکاندا دەردەخات .

**Lecture**: *Karzan Mohammed Arif* Email: karzan.arif@univsul.edu.iq

٦- مامۆستا تا دەتوانێت هەوڵبدات کە پرسیارەکانی گشتگیرو سەرتاسەری بێت و زۆربەی بابەتەکە لەخۆی بگرێت ، نەك تەنها پرسیار لە سەرەتای یان کۆتایی یان چەند بەشێکی کەمی بابەتەکە بهێنێتەوە .

٧- دەبێت پرسیارەکان ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی تێدا کرابێت . واتە زۆربەی پرسیارەکان مام ناوەندی بن و لق یان پرسیارێکی ئاسانی تێدا بێت ، بۆ ئەوەی فێرخوازە دواکەوتوو تەمبەڵەکان وەڵامی بدەنەوەو تووشی بێ هیوایی نەبن ، لەهەمان کاتیشدا پرسیارێك یان زیاتر لە پرسیارێکی قورسیشی تێدا بێت ، کە تەنها زیرەکەکان بتوانن وەڵامی بدەنەوە ، واتە نابێت زۆربەی پرسیارەکان یان زۆر سووك یان زۆر قورس بن .

٨- باشتر وایە ژمارەی پرسیارەکان زۆر بن ، بەڵام وەڵامەکان پوختەو کورت بن ، واتە نزیك بن لە پرسیاری ( کورتە وەڵام ) بۆ نموونە ﴿ وەڵامی پرسیارەکە لە ( ٥ ) دێڕ زیاتر نەبێت ﴾ یان ( بیژمێرە ، پێناسەی کە ، هۆکەی روون بکەرەوە ... هتد ).

## بنەماکانی هەڵەچنی پرسیاری گوتاری :-

بۆ ئەوەی مامۆستا لە کاتی هەڵەچنیدا خۆی لە نابابەتی و حاڵەتی خودی و مەزاجی دوور بخاتەوە ، ئەوا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات :-

١- پێویستە مامۆستا وەڵامی نموونەیی بۆ پرسیارەکان دابنێت و سەرجەم ئەو خاڵ و ڕەگەزو لایەنانە دیاری بکات کە پێویستە فێرخواز وەڵامیان بداتەوە ، هەروەها دەکرێت سوود لە وەڵامە راستەکانی فێرخوازە زیرەکەکان وەربگرێت و لەگەڵ وەڵامە نموونەییەکە پێکەوە گرێ بدرێن .

٢- دوای دیاریکردن و ئامادەکردنی وەڵامی نموونەیی و خاڵ و ڕەگەزە راست و گونجاوەکان ، پێویستە مامۆستا نمرە بۆ هەریەك لەو وەڵام و ڕەگەزو خاڵە راست و گونجاوانە دابنێت و لەسەر ئەوە هەڵەچنی بۆ وەڵامی فێرخوازەکان بکات

٣- باشتر وایە کە گۆڕانکاری لە ڕێك خستن و ڕیزبەندی تیانووس و وەڵامەکانی فێرخوازەکان بکرێت ، بۆ نموونە ئەگەر یەکەم جار تیانووسی ژمارە یەکی هەڵەچنی کرد ، ئەوا با لە جاری دووهەم تیانووسی ژمارە پێنج یان هەفت هەڵەچن بکات ، واتە دوای هەڵەچنی پرسیاری یەکەم . پێویستە گۆڕانکاری لە ڕیزبەندی تیانووسەکان بکرێت ، هەروەها دوای هەڵەچنی پرسیاری دووهەم دووبارە گۆڕانکاری لە ڕیزبەندی تیانووسەکان بکات ، بەم شێوەیە هەتا دوا پرسیار .

باشترە کە هەرجارەو هەڵەچنی پرسیارێك لە هەموو تیانووسەکان بکرێت ، نەك هەموو پرسیارەکانی یەك تیانووس تەواو بکرێت ، ئینجا هەموو پرسیارەکانی تیانووسێکی تر . واتە پێویستە مامۆستا هەڵەچنی پرسیاری یەکەم لە هەموو تیانووسەکاندا ( دەفتەرەکان ) تەواو بکات ، ئینجا هەوڵی هەڵەچنی پرسیاری دووهەم لە هەموو تیانووسەکان و دواتر پرسیاری سێ هەم و چوارەم لە هەموو تیانووسەکان بدات . باشیەکانی ئەم جۆرە هەڵەچنیە ئەوەیە ، کە کاتێك مامۆستا پرسیاری یەکەم لە هەموو تیانووسەکان دەخوێنێتەوەو هەڵەچنی بۆ دەکات ئەوا وەڵامە نموونەییەکە لە

مێشکیدایەو لەگەڵ وەڵامی پرسیارەکانی تر تێکەڵی ناکات ، لە لایەکی تریشەوە ئەگەر دەستی قورس کردو نمرەی کەمی دانا ئەوا بۆ هەموو فێرخوازەکان وەك یەك دەبێت ، یان بە پێچەوانەوە ، ئەگەر دەستی سووك کردو نمرەی زۆری بە فێرخوازەکان دا ، ئەوا هەموویان بە یەکسانی ئەو نمرە زیادەیان بەردەکەوێ .

بەلاّم ئەگەر هەموو پرسیارەکانی بەیەك جار لە تیانووسی یەکەم بینی و یەکەم جار هەڵەچنی بۆ ئەو کرد ، لەوانەیە مامۆستا زۆر بە وردی بیخوێنێتەوەو دەستی قورس بکات ، بەلاّم بۆ فێرخوازەکانی دوایی هیلاك و ماندوو دەبێت ، لەوانەیە بە جۆرێکی تر هەڵەچنی و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات ، ئا لەم کاتەشدا هەندێك لە فێرخوازەکان دەبن بە قوربانی و هەندێکی تریان سوودمەند دەبن ، لە لایەکی تریشەوە زۆر زەحمەت و دژوارە هیچ مامۆستایەك بتوانێت وەلاّمی نموونەیی هەموو پرسیارەکان بە بێ تێکەڵ و پێکەڵ بوونیان ، لە مێشکیدا بپارێزێ و بەیەك جار هەموو پرسیارەکانی یەك تیانووس هەڵەچن بکات .

٤- باشتر وایە مامۆستا هەڵەچنی تیانووسەکان ( دەفتەرەکان ) بکات بەبێ ئەوەی سەیری ناوەکان بکات ، یان ئەگەر بتوانێ ناوەکان لە ڕێگەی نووشتاندنەوەوە بشارێتەوە ، بۆ ئەوەی کاریگەری ناوەکانی لەسەر نەبێت ، لەبەر ئەوەی مامۆستا مرۆڤەو دوور نیە خاوەنی هەندێك لە ناوەکان بەدڵی بێت و خۆشیانی بوێت ، یان هەندێکیانی بەدڵ نەبێت ، ئا لەم کاتەدا دوور نییە ئیتر بە شێوەیەکی هەستی یان نەستی ( اللاشعور ) بێت نمرەی کەم یان زۆر بۆ هەندێکیان دابنێ ، ئینجا بۆ ئەوەی ویژدانی خۆی ئاسوودە بکات و لەو ناهەقی و نا دادوەریە دوور بکەوێتەوە ئەوا باشتر وایە کە سەیری ناوەکان نەکات .

٥- نابێت مامۆستا لە کاتی هەڵەچنی گرنگی بە جوان نووسی و ڕازاندنەوەی تیانووس و هێڵ کێشان و وشەی بریقەدارو ڕەوانبێژی بدات ، لەبەر ئەوەی ئەمانە هیچیان ئامانج و مەبەستی هەڵسەنگاندن نین و پەیوەندیان بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە نییەو نابێت نمرەیان لەسەر بێت.

## ئەو تاقیکردنەوەو ئەزموونانەی کە پێویستیان بە وەلاّمی کورتە :-

هەندێك تاقیکردنەوەو پرسیار هەیە کە دەکەوێتە نێوان پرسیاری گوتاری و پرسیاری بابەتی ، ئەوانیش ئەو پرسیارانەن کە پێویستیان بە کورتە وەلاّمە ، ئینجا جاری وا هەیە وەلاّمەکە ( وشەیەکە یان مێژوویەکە یان ناوی داهێنەرو نووسەرو شاعێرێکە یان هێماو ژمارەیەکە ... هتد ) کە دەبێت فێرخواز بیان نووسێ.

*Lecture*: *Karzan Mohammed Arif* Email: karzan.arif@univsul.edu.iq

## ئەم جۆرە پرسیارانەش ، دوو (٢) شێوازی هەیە :-

### أ - شێوازی پرسیار (صيغة السؤال):-

لەم شێوازەدا کورتە پرسیارێك دەکرێت و لەسەر فێرخوازە وەڵامێکی کورت بداتەوە لەوانە :-

١- کێ رادیۆ یان تەلەفزیۆن یان کارەبای دۆزیەوە ؟
٢- لەچ ساڵێك را پەڕینەکەی کوردستان یان کۆڕەوەکە روویدا ؟
٣- کێ سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە ساڵی ( ٢٠٠٥ ) ؟
٤- پایتەختی هەرێمی کوردستان چ شارێکە ؟
٥- لەچ ساڵێك دەروونزانی بوو بە زانست ؟

### ب- شێوازی تەواو کردن (صيغة الاكمال):-

لەم شێوازەدا رستە یان دەستەواژەیەك دەنووسرێت ، بەڵام مانای تەواو نادات بە دەستەوە ، بەڵکو پێویستی بە ( وشە یان ژمارە یان هێمایەك .... هتد ) هەیە کە لە بۆشاییەکەدا بنووسرێ ، بۆ ئەوەی رستەکە تەواو ببێت ، بۆ نموونە :-

١- پلەی گەرما بە ئامێرێك دەپێورێ کە پێی دەڵێن ............

٢- سەرەتای را پەڕینەکە ، واتە دەروازەکەی شاری .............. بوو .

٣- هەموو ماددەیەك ......... دۆخی ( حاڵەتی ) هەیە .

٤- هەموو کانزاکان بە ............... دەکشێن .

٥- پارێزگای سلێمانی لە .......... شارۆچکەو .............. شارەدێ پێك دێت .

ئەم جۆرە پرسیارانە بەزۆری بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی ( یادکردنەوەی ماناکان و زاراوەکان و ناوو هێماو ژمارەو جێگا لەگەڵ یادکردنەوەی مێژوو ، جێگای جوگرافی و مێژوویی و ناونانی ئۆقیانووس و دەریاچەو شارو ئاژەڵ و رووەك و مرۆڤ ...... هتد ) بەکار دەهێنرێت . هەروەها لە بواری ( جەبرو ئەندازەو کیمیاو فیزیاو کۆمپوتەرو ئەندازەو ...... هتد ) سوودی لێوەردەگیرێت .

**ئەم جۆرە پرسیارەش دووجۆری هەیە ، لەجۆری یەکەمدا هیچ وشەو زاراوەو هێمایەك نادرێت بە فێرخواز ، بەڵكو دەبێت خۆی بۆشاییەکە پڕ بکاتەوە ، بەڵام لە جۆری دووەمدا ، ژمارەیەك وشەو زاراوەو هێما لە کۆتایی بۆشاییەکاندا بۆ فێرخواز دەنووسرێت و ئەویش هەڵیان دەبژێرێ و بۆشاییەکانیان پێ پڕ دەکاتەوە.**

## سێیەم:- پرسیارەکانی بابەتی (الأسئلة الموضوعية):-

**خەسڵەت و نیشانەی سەرەکی ئەم جۆرە پرسیارانە ئەوەیە کە بۆ هەر بڕگەو پرسیارێك چەند وەڵامێك هەیە ، ئەرکی سەرشانی فێرخواز ئەوەیە کە یەکێك لەو وەڵامانە هەڵبژێرێ ، هەندێك جار یەك وەڵامی ڕاست هەیەو ئەوانی تر هەڵەن ، یان هەر هەموویان هەڵەن و وەڵامێکیش هەیە کە ئاماژە بۆ هەڵەو نادروستی هەموو وەڵامەکانی تر دەکات ، یان هەموو وەڵامەکان گونجاوو دروستن ، بەڵام یەکێکیان لە هەموویان ڕاستترو دروست ترن .**

**ئەم جۆرە پرسیارە پشت بە توانستی ناسینەوە ( التعرف ) دەبەستێت. واتە فێرخواز وەڵامە ڕاستەکان دەناسێتەوەو لە وەڵامە هەڵەکانی جیا دەکاتەوەو خۆی هیچ وەڵامێك لە مێشکی ناهێنێت ، بەڵکو تەنها وەڵامێکی ڕاست یان گونجاو لەو وەڵامانەی کە بۆی نووسراوە هەڵدەبژێرێ و نیشانەیەکی لەسەر دادەنێ ، ئەو کاتە زۆر بە بابەتیانە هەڵەچنی بۆ وەڵامەکانی فێرخواز دەکرێت و مەزاج و حەزو ئارەزووی مامۆستا هیچ ڕۆڵێکی نابێت ، هەر لەبەر ئەوەشە کە پێ ی دەڵێن پرسیاری بابەتی .**

**هەرچەندە پرسیاری بابەتی زۆر لایەنی باش و خاڵی بەهێزی هەیە ، بەڵام بەبێ کەم و کورتیش نییە، خاڵی لاوازی سەرەکی ئەم جۆرە پرسیارە ئەوەیە کە بە ڕێژەیەکی زۆر پشت بە خەملاندن ( حدس ، تخمين ) دەبەستێت و هەندێك جار فێرخواز لە ڕێگەی خەملاندنەوە وەڵامی هەندێك پرسیار دەداتەوەو نمرەش وەردەگرێ بەبێ ئەوەی بیانزانێ ، بەڵکو لەڕێگەی ئەو خەملاندن و چانس و ڕێککەوتەوە ئەو نمرانەی دەست دەکەوێت بەبێ ئەوەی شایانی بێت و مافی ئەو بێت .**

## بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی خەملاندن زۆر ڕێگا چارە دانراوە لەوانە :-

**١- پراکتیزە کردنی هاوکێشەی تایبەتی وەك ( نمرەی کۆتایی یەکسانە بە ئەو نمرەیەی کە لە تاقیکردنەوەکە وەریگرتووە دوای لێدەرکردنی ژمارەی وەڵامە هەڵەکان و دابەش کردنی بەسەر ژمارەی وەڵامەکان و لێدەرکردنی ژمارە لەیەك )**

**نك = نت – ه / و – ١**

**نك = نمرەی کۆتایی نت = نمرەی تاقیکردنەوە ه = وەڵامە هەڵەکان و = وەڵامەکە ( بدائل ) .**

**٢- زیادکردنی ژمارەی بڕگەو پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە .**

٣- زیادکردنی وەڵامەکانی ( بدائل ) هەر پرسیارێك .

٤- دانانی وەڵامی هەڵەی سەرنج ڕاکێش هاوشانی وەڵامە ڕاستەکان بۆ ئەوەی سەرنجی فێرخوازە تەمبەڵەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و وا بزانن هەمویان ڕاستن .

٥- تەرخان کردنی کاتی پێویست بۆ تاقیکردنەوەکە .

ئینجا تاوەکو وەڵامەکانی( بدائل ) هەر بڕگەو پرسیارێك زۆر بن ئەوەندە ڕێژەی خەملاندن کەم دەبێتەوە . بۆ نموونە ئەگەر پرسیارەکان لە جۆری ڕاست و هەڵە بن ، ئەوا ڕێژەی خەملاندن لە( ٥٠ ٪ ) دەبێت بەلام ئەگەر پرسیارەکان لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك بن و ( ٣ ) وەلام ( بدائل ) بۆ هەر پرسیارێك هەبێت ئەو کاتە ڕێژەی خەملاندن (٣٣٪ ) دەبێت بەلام ئەگەر ( ٤ ) وەلام هەبوو ئەو کاتە ڕێژەی خەملاندن دەبێت بە( ٢٥ ٪ ) ئینجا ئەگەر ژمارەی وەلامەکا نمان کرد بە ( ٥ ) ئەو کاتە ڕێژەکە دەبێت بە ( ٢٠ ٪ ) . هەر لەبەر ئەوەیە زۆر لە زانایانی بواری پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن پێشنیازی ئەوە دەکەن کە با پرسیارەکان لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك بێت و ژمارەی وەلامەکانیش بۆ هەر پرسیارێك با پێنج دانە بێت ، ئەو کاتە ڕێژەی خەملاندن کەم دەبێتەوە و پێویست بە ئەوەش ناکات کە ئەو هاوکێشەیە پراکتیزە بکرێت .

## باشی و خاڵە بەهێزەکانی پرسیاری بابەتی

هەتاوەکوو ئێستا هیچ جۆرە تاقیکردنەوەو ئەزمونێك لە بواری پەروەردەو فێرکردندا نیە کەبێ کەم و کورتی بێت ، بەڵکو هەریەکەیان خاڵی بەهێزو لاوازی خۆی هەیە ، پرسیاری بابەتیش خاڵی پۆزەتیڤ و بەهێزی خۆی هەیە ، هەر لەبەر ئەوەشە کە پەنای بۆدەبرێت و هەتاوەکو ئێستاش هەر بەکار دەهێنرێت .

## لەگرنگترین خاڵە بەهێزەکانی ئەمانەی لای خوارەوەن :-

١- لەم جۆرە پرسیارەدا مەزاج و حەزوو ئارەزووی مامۆستا ڕۆڵی نامێنێت و هەڵەچنی زۆر بەبابەتیانە بە ئەنجام دەگەیەندرێت و فێرخواز مافی خۆی وەردەگرێت ، بە پێچەوانەی پرسیاری گوتاری کە حەزوو ئارەزووی مامۆستا ڕۆڵ دەبینێت .

٢- لەم جۆرە پرسیارەدا ، وەلامەکان ڕوون و ئاشکران و دوور دەبن لە تەم و مژاوی و نادیاری .

٣- ئەم جۆرە پرسیارە بوار بە فێرخواز نادات بە ئارەزووی خۆی شت بنووسێت و وەلامی سەیر سەیر بداتەوەو لە بابەتەکە دەربچێت ، واتە وەلامەکان سنووردارن و دەبێت فێرخواز پابەندیان بێت و ناتوانێت لەو چوارچێوەیە دەربچێت.

٤- دەتوانرێت لە رێگەی ئەم جۆرە پرسیارانەوە ، هەڵسەنگاندن بۆ زۆربەی بابەتەکانی وانەکە بکرێت و ژمارەیەکی زۆر پرسیار بهێندرێتەوە ، بە پێچەوانەی پرسیاری گوتاری کەناتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ زۆربەی بابەتەکانی وانەکە بکات ، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی دیاریکراو پرسیار لەخۆی دەگرێت .

٥- دەتوانرێت لەم جۆرە پرسیارەدا ، بەوردی نمرە بۆ هەموو پرسیارو لقەکان دابنرێت .

٦- پرسیاری بابەتی ئاسانە بۆ مامۆستاو فێرخواز و بەرێوەبەر ، لەبەر ئەوەی تەم و مژاوی نیەو هەڵەچنی دوورە لە مەزاج و خودی مامۆستاو سەر ئێشە و کێشە و مشت و مڕ بۆ هیچ لایەك دروست ناکات .

٧- لەم جۆرە پرسیارەدا ، پاك و خاوێنی و جوان نووسی و رەوانبێژی و رازاندنەوە ، هیچ رۆڵێکیان لەسەر نمرە دانان و هەڵەچنی نابێت و مامۆستا ناتوانێت نمرەیان لەسەر دابنێ و کەس مافی ناخورێت و تەنها نمرە لەسەر وەڵامە راستەکان دادەنرێ .

ئەمانەی سەرەوە لە گرنگترین خاڵە بەهێزو لایەنە باشەکانی پرسیاری بابەتین ، بەڵام وەك لە پێشتر ئاماژەم بۆکرد هەموو جۆرە پرسیارێك لایەنی باش و خراپی هەیە ، لایەنە خراپ و نێگەتیڤەکانی پرسیاری بابەتی بریتیە لە باشیەکانی پرسیاری گوتاری ، واتە لەتوانای پرسیاری بابەتی نیە کە پێوانەو هەڵسەنگاندن بۆ توانای فێرخواز ( رێکخستنی زانیاریەکان ، کورتکردنەوەی بابەتەکە ، پێشکەشکردنی مەنتیقی بابەتەکە ) و ( جیاکردنەوەی فێرخوازی بیرمەند لەفێرخوازی دەرخکارو تووتی ئاسا بەبێ تێگەیشتن لەمانای بابەتەکە ) سەرەڕای بوونی خەملاندن و بواری کۆپیکردن ( غش ).

## جۆرەکانی پرسیاری بابەتی

١- پرسیارەکانی ڕاست و هەڵە .

٢- پرسیارەکانی جووتکردن ( بەیەك گەیاندن ) .

٣- پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك.

### ١- پرسیارەکانی راست و هەڵە

لەم جۆرە پرسیارەدا کۆمەڵێك برگەو دەستەواژەو پرسیار لە فێرخواز دەکرێت و لە بەردەم هەر برگەو پرسیارێکدا دوو وەڵام هەیە ( بەڵێ ) و ( نەخێر ) ، داوا لە فێرخواز دەکرێت کە یەکێك لەو دوو وەڵامە هەڵبژێرێ .

*Lecture*: Karzan Mohammed Arif Email: karzan.arif@univsul.edu.iq

## بوارەکانی بەکارهێنانی پرسیارەکانی راست و هەڵە :-

هەر یەك لە پرسیارەکانی بابەتی بوار و جێگای گونجاوی خۆی هەیە و ئەگەر مامۆستا درکی بە جێگاو بوارەکەی کرد، ئەوا سەرکەوتوو دەبێت و بە پێچەوانەشەوە سەرکەوتوو نابێت ، واتە هەندێك جار و لە هەندێك بواردا، پرسیاری راست و هەڵە گونجاوو لەبارە بەلاّم لە بوارو کاتێکی تردا پرسیاری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك گونجاو ترو باشترە .

## ئینجا ئەگەر بمانەوێت پرسیاری راست و هەڵە ئاکامی خۆی بپێکێت، ئەوا دەبێت لەم بوارانەی خوارەوەدا بەکار بهێندرێت :-

١- بۆ پێوانەکردنی توانای فێرخواز بۆ ناسینەوەی زاراوەو چەمك و پرانسیپ و دەستەواژەکان .

٢- بۆ پێوانەکردنی توانای فێرخواز لە بواری تێگەیشتنی زاراوەو چەمك و پرانسیپ و پەیوەندی نێوان دیاردەکان .

٣- بۆ پێوانەکردنی توانای فێرخواز لە بواری دۆزینەوەو زانینی هەڵە زەق و باوەکان ، کە لەگەڵ راستیەکان و زانیارییە واقعیەکاندا ناگونجێن .

واتە ناتوانرێت لە رێگەی پرسیارەکانی راست و هەڵەوە پێوانەی توانستە بالأکانی وەك ( پراکتیزەکردن و شیتەڵکردنەوەو هەڵسەنگاندن ) بکرێت.

## باشیەکانی پرسیارەکانی راست و هەڵە :-

١- بە ئاسانی هەڵەچنی دەکرێت .

٢- دانانی نمرەکان و هەڵەچنی بە ئەوپەڕی بابەتیانە دەکرێت .

٣- دەتوانرێت لە رێگەیەوە زۆرترین پرسیار بهێندرێتەوەو زۆربەی بەش و لایەنەکانی بابەتەکە بگرێتەوە .

## کەم و کورتیەکانی پرسیارەکانی راست و هەڵە :-

١- بوارو چانسی خەملاًندن ( ٥٠ ٪ ) .

٢- تەنها ئاستە نزمەکانی پۆلێنەکەی بلوم پێوانە دەکات بە تایبەتی ناسینەوەو یادکردنەوەی زانیاریەکان و لە توانایدا نیە کە پێوانەی توانستە بەرزەکان بکات .

## بنەماکانی دانانی پرسیارەکانی راست و هەڵە :-

١- پێویستە کە بڕگەو پرسیارەکان بە جۆرێك دابنرێت کە بە تەواوی راست بێت ، یان بە تەواوی هەڵە بێت و هیچ بوارێکی بۆ مشت و مڕو بگرەو بەردەو گومانی تێدا نەبێت .

٢- پێویستە لەو بڕگەو دەستە واژانە دوور بکەوینەوە کە دوو بیرۆکەی لەخۆگرتووە ، بە تایبەتیش کاتێك یەکێك لەو دوو بیرۆکەیە راست بێت و ئەوی تریان هەڵە بێت .

٣- باشتر وایە لەو پرسیارو دەستە واژانە دوور بکەوینەوە کە ( نەرێ ) ( نفی ) ی تێدایە ، وە ئەگەر بەکاریش هات ئەوا دەبێت هێڵی بە ژێردا بهێندرێت ، بۆ ئەوەی فێرخواز بەئاگا بێت بۆی ، چونکە دەرکەوتووە کە زۆر جار فێرخواز ( بە تایبەتیش زیرەکەکان ) دەست دەکەن بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ، بە بێ ئەوەی بە ئاگابن بۆ ئەو ( نەرێ ) یەو وا دەزانن کە ( نەرێ ) ی تێدا نیەو بە ئەوەش دەکەونە هەڵەوە ، کەواتە ئەو ( نەرێ ) یە دەبێت بە تەڵەو داوو فێرخوازە زیرەکەکان پێوەی دەبن ، لەبەر ئەوە باشتر وایە لێی دوور بکەوینەوە .

٤- نابێت بەردەوام پرسیارو دەستەواژە راستەکان درێژتر یان کورتتر بن لە دەستەواژە هەڵەکان ، چونکە ئەوە دەبێت بە هۆکارێك بۆ ئەوەی فێرخواز بگاتە ئەو دەرئە نجامەی کە هەرچی وەڵامی راستە درێژە یان کورتە ، واتە لە رێگەی درێژی و کورتیەوە وەڵامە راست و هەڵەکان دەزانێت ، نەك لە رێگەی زانیاری و تێگەیشتنیەوە .

٥- نابێت بڕگەو دەستەواژەکانی ناو کتێب و مەلزەمەکان وەك خۆی بگوێزرێتەوە و بکرێت بە پرسیار ، چونکە ئەوە دەبێت بە هاندەر بۆ ئەوەی فێرخواز فێری ئەزبەرکردن ( درخ ) ببێت، نەك تێگەیشتن.

## ٢- پرسیارەکانی جووتکردن ( بەیەك گەیاندن ) ( المطابقة او المزاوجة ) :-

بڕگەو دەستەواژەکانی پرسیارەکانی جووتکردن ( بەیەك گەیاندن ) لە دوو لیست پێك دێت ، کە هەر لیستەی لە کۆمەڵێك رەگەز پێك دێت وە پێویستە هەر رەگەزێك لە لیستی یەکەم گونجاوو جووت و تەبا بێت لەگەڵ یەکێك لە رەگەزەکانی لیستی دووهەم و یەکتری تەواو بکەن و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەبێت . لەم جۆرە پرسیارەدا داوا لە فێرخواز دەکرێت کە لیستی یەکەم بخوێنێتەوەو بۆ هەر رەگەزو بەشێکی ، رەگەزو بەشێکی تری لە لیستی دووهەم بۆ هەڵبژێرێ . واتە پەیوەندی لە نێوان هەر یەك لە رەگەزەکانی لیستی یەکەم و رەگەزەکانی لیستی دووهەم بدۆزێتەوەو بە یەکیان بگەیەنێت.

لەم جۆرە پرسیارەدا بە لیستی یەکەم دەگوترێ ( پێشەکیەکان ) و بە لیستی دووهەمیش دەگوترێت ( وەڵامەکان ) و هەردوو لیستەکەش بە شێوەیەکی ستوونی ( عمودی ) بەرانبەر یەکتری دادەنرێت ، لای راست بۆ پێشەکی و لای چەپیش

بۆ وەلاَمەکانە . بە شێوەیەکی گشتی ژمارەکان ( ١، ٢ ، ٣ ، ...... هتد ) دەدرێت بە پێشەکیەکان و پیتەکانی ( ا ، ب ، ج ، ...... هتد ) دەدرێت بە وەلاَمەکان.

## بوارەکانی بەکارهێنانی پرسیارەکانی ( جووت کردن ) ( بەیەك گەیاندن ):-

ئەم جۆرە پرسیارانە گونجاون بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی ناسینەوەی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیەو تەواوکەری یەکترین وەك ( وشەو ماناکانیان ) و ( زاراوەو پێناسەکانیان ) و ( رووداوو مێژووەکانیان ) و ( نووسەرو بەرهەمەکانیان ) و ( داهێنەرو داهێنانەکانیان ) و ( زاناو تیۆرەکانیان ) و ( پێك هاتەی کیمیاوی و هێماکانیان ) ..... هتد .

## باشیەکانی ئەم جۆرە پرسیارانە :-

١- دانانی ئەم جۆرە پرسیارانە ئاسانترو خێراترە لە دانانی پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك ، هەروەها رووبەرو شوێنی کەمتر لەسەر کاغەز ( لەکاتی چاپکردن ) داگیر دەکات و کاتی باشیش بۆ فێرخواز دەگەڕێنێتەوە لە کاتی خوێندنەوەو وەلاَمدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانەدا .

٢- ئەگەر وەلاَمەکان گونجاوو لەبار بن بۆ پێشەکیەکان ئەوا کەمتر بوار بە فێرخواز دەدات بۆ ئەوەی خەملاَندن بکات و نمرەی بە ناهەق دەست بکەوێت ، لە کاتێکدا لە پرسیاری راست و هەڵە بە ئاسانی دەستی دەکەوێت .

## کەم و کورتیەکانی پرسیارەکانی جووتکردن ( بەیەك گەیاندن ):-

١. ئەو توانستانەی ئەم جۆرە پرسیارانە پێوانەی دەکات کەم و سنووردارن و بۆ پێوانەکردنی توانستەکانی ( پراکتیزەکردن و شیتەڵکردنەوەو هەڵسەنگاندن ) ناگونجێت.

٢. لە بەر ئەوەی ئەم جۆرە پرسیارە پێویستی بە دوو لیست ( کۆمەڵ ) لە زانیاری هەیە کە پەیوەندی لە نێوانیان هەبێت و تەواوکەری یەکتر بن ، بۆیە زۆر بەکەمی بەکاردەهێنرێت و بۆ زۆر بابەت گونجاو نیەو ناتوانێت پێوانەی یەکە بچووك و سەربەخۆکان بکات.

## بنەماکانی دانانی پرسیاری جووتکردن ( بەیەك گەیاندن ):-

١- پێویستە یەکەو بڕگەکانی پێشەکییەکان گونجاوو هاوڕێك بێت لەگەڵ بڕگەو یەکەکانی وەلاَمەکان و تایبەت بن بە هەمان بابەت .کە لەوانەیە پێشەکی و وەلاَمەکان تایبەت بن بە رووداوی مێژوویی نزیك لەیەك یان بەرهەم و داهێنانی ژمارەیەك زاناو داهێنەری یەك بواری زانستی .

٢- نابێت ژمارەی پێشەکییەکان یەکسان بێت بە ژمارەی وەڵامەکان چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زانینی دواهەمین دانە ، دوای زانینی ئەوانی تر ، لەبەر ئەوە ئەگەر پێشەکییەکان چوار دانە بوو ئەوا دەبێت وەڵامەکان پێنج دانە بن .

٣- پێویستە تا دەتوانرێت دەبێت وەڵامەکان کورت و پوخت بن .

٤- باشتر وایە کە ژمارەی پێشەکییەکان لە چوار دانە زیاتر نەبن و ژمارەی وەڵامەکانیش لە پێنج ، وە ناشبێت لەئەوە کەمتر بن.

## پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك ( الاختيار من متعدد ):-

برگەکانی ئەم جۆرە پرسیارانە تایبەتە بە گرفتێك کە لەڕێگەی رستەیەکەوە یان زیاتر لە رستەیەك دەخرێتە روو کە پێی دەڵێن بناغەی ( ئەسڵی ) برگەکە ، دواتر لە بەرانبەر یان لە ژێر ئەو گرفتە ژمارەیەك وەڵام و رێگە چارە وەك ( بدائل ) دادەنرێن کە یەکێك لەو وەڵامانە یان زیاتر لە وەڵامێك راست و گونجاون ، ئینجا داوا لە فێرخواز دەکرێت کە راسترین وەڵام یان رێگا چارەی گونجاو بۆ ئەو گرفتە هەڵبژێرێ . بە وەڵامەکان دەگوترێ ( جێگرەکان ) ( بدائل ) کە بە شێوەیەکی گشتی ژمارەیان لە نێوان ( ٣ – ٥ ) دانەیە .بناغەو برگەی سەرەکی بە شێوەی پرسیار یان لەسەر شێوەی برگەیەکی ناتەواو دادەڕێژرێت.

## بوارەکانی پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك:-

ئەم جۆرە پرسیارانە باشترین جۆری پرسیارەکانی بابەتین ، هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆربەی زیرەکی پێوە جیهانیەکان و تاقیکردنەوەو ئەزموونە گشتیەکان لەم جۆرە پرسیارەیەو بەزۆری بەکاردەهێنرێن . لە توانای ئەم جۆرە پرسیارەدا هەیە کە پێوانەی زۆربەی توانستە عەقلیەکانی پۆلێنەکەی بلوم ( یادکردنەوەی زانیارییەکان ، تێگەیشتن ، پراکتیزەکردنی پرانسیپ و گشتاندنەکان و تەنانەت شیتەڵکردنەوەی زانیارییەکانیش ) بکات .

## باشیەکانی پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك:-

١- ئەم جۆرە پرسیارە پێوانەی زۆر توانستی عەقڵی دەکات لە کاتێکدا کە پرسیارەکانی راست و هەڵە یان بەیەك گەیاندن ، ناتوانن پێوانەیان بکەن .

٢- زۆر بە بابەتیانەو راستگۆیانە هەڵەچنی وەڵامەکان دەکرێت .

٣- ئەم جۆرە پرسیارە کەمتر لە راست و هەڵە بوارو چانسی خەمڵاندنی تێدایە .

## کەم و کورتیەکانی پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك:-

١- دانان و ئامادەکردنی ئەم جۆرە پرسیارانە زەحمەتترە لە دانـان و ئامـادەکردنی پرسـیاری راسـت و هەڵـەو بەیـەك گەیاندن .

٢- کاتێکی زۆری دەوێت بۆ خوێندنەوەو وەڵامدانەوەیان ، ئەگەر بەراورد بکرێت بە پرسیارەکانی راست و هەڵە .

٣- ئەگەر بە رێژەیەکی کەمیش بێت ، فێرخواز دەتوانێت خەملاَندن بکات و هەندێك نمرە کە مـافی خـۆی نیـە دەسـتی بکەوێت.

## بنەماکانی ئامادەکردنی پرسیارەکانی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك:-

### أ - بنەماکانی تایبەت بە بڕگەی سەرەکی ( ئەسڵی بڕگەکە )

١- پێویستە بڕگەی سەرەکی واتە ئەسڵی بڕگەکە لە یەك گرفت و کێشە پێك بێت و فێرخواز بە ئاسانی لێی تێبگات .

٢- پێویستە بڕگەی سەرەکی پوخت و کورت بێت و درێژدادڕی و زیادە ڕۆیی تێدا نەبێت .

٣- ئەگەر پێویستی کرد کە وشەیەك یان زیاتر لە وشەیەك لە سەرەتای هەر وەڵامێك دووبـارە ببێتەوە ، ئەوا دەبێت ئەو وشانە بۆ بڕگەی سەرەکی بگوێزرێتەوە .

٤- باشترە کە نەریَ ( نفی ) لەم جۆرە پرسیارەدا نەبێت ، وە ئەگەر تیایدا بوو ئەوا دەبێت هێڵێکی بە ژێردا بهێنرێـت ، بۆ ئەوەی فێرخواز بە ئاگا بێت بۆی وە نابێت بە هیچ شێوەیەك ( نەریَ نەریَ ، نفی نفی ) تێدا بێت چونکە دەبێتە هۆی سەرلێشێواندنی فێرخواز بە تایبەتیش زیرەکەکان .

٥- دەبێت ئاگاداری رێزمانی بین ، واتە نابێت لە کاتی دانانی پرسیارەکان وشەیەکی تێدا بێت کە ئاماژە بێت بۆ ( کۆ )، لە هەمان کاتدا لە وەڵامەکاندا تەنها یەك دانە بە شێوەی ( کۆ ) هەبێت ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کـە فێرخـواز یەکسەر وەڵامی راست بزانێت یان لە لایەکی ترەوە راناوی کەسی یەکەم لە هەردوولا هەبێت ( پێشەکی و وەڵامەکان ).

## ب – بنەماکانی تایبەت بە وەڵامەکان( بدائل ):–

١ – پێویستە وەڵامەکان بەشێوەیەك دابڕێژرێت کە یەك وەڵامیان ڕاست بێت یان لە هەموویان ڕاستترو گونجاوتر بێت و مشت و مڕو بگرەو بەردەی نەوێت .

٢ – پێویستە کە هەموو وەڵامەکان نزیکبن لە یەکتری و تەواوکەری یەکتر بن هەر هەموویان تایبەت بن بە هەمان بوارو گرفت ، بۆ نموونە هەر هەموویان تایبەت بن بەیەك قۆناغی مێژوویی یان ڕووداو یان یەك بواری زانستی یان یەك ناوچەی جوگرافی .

٣ – پێویستە وەڵامەکان بەجۆرێك دابڕێژرێن ، کە فێرخواز وابزانێت هەرهەموویان ڕاستەو سەرنجی فێرخوازەکان بۆلای خۆی رابکێشێ .

٤ – پێویستە ئەو وشەو زاراوانەی کە لە وەڵامە هەڵەکاندا بەکار دەهێندرێت ، ناسراوبن و فێرخواز پێیان نامۆ نەبێت و نزیك بن لە ئەو وشەو زاراوانەی کە لە وەڵامە ڕاستەکاندا بەکار دەهێندرێن.

## چوارەم:- تاقیکردنەوەی پراکتیکی (الاختبار العملية):-

جۆرێکی تر لە پرسیار ، کە وەك کەرەستەو پێوانەکار بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی توانای فێرخواز، پرسیاری پراکتیکیە ئەم جۆرە پرسیارە گونجاوە بۆ پێوانەکردنی شارەزایی و کارامەییەکان ( **مهارات** ) کە پێویستە لە گۆڕەپانی کارکردن و لە کاتی بە ئاکام گەیاندنی چالاکییەکاندا بەرجەستە ببن. بۆ نموونە چالاکی و شارەزاییە وەرزشی و هونەری و پیشەسازی و کشت و کاڵیەکان ناتوانرێت لە ڕێگەی پرسیاری گوتاری و بابەتی و زارەکییەوە پێوانە بکرێت، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی پرسیاری پراکتیکیەوە و لە گۆڕەپاندا پێوانەی شارەزایی و لێهاتوویی ( وەرزشی، وێنەکێشان، مۆسیقا ژەنین، دروست کردنی نەخشە، کشتو کاڵ، پیشەسازی، چێشت لێنان، کاری دەستی، ماشێن لێخوڕین، چاپکردن، ... هتد ) بکرێت.

### تاقیکرنەوەی پراکتیکی لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت:-

١. وردی لە ئەنجامدانی .
٢. خێرایی لە بە ئاکام گەیاندنی کارەکە.
٣. تێگەیشتن لە کارەکە و بەکارهێنانی کەرەستەی گونجاو.

Lecture: Karzan Mohammed Arif Email: karzan.arif@univsul.edu.iq

## هەنگاوەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پراکتیکی :-

١. دیاری کردنی ئامانجی تاقیکردنەوەکە .
٢. دیاری کردنی ئامادەباشی بۆ کارەکە .
٣. دیاری کردنی شوێن و کاتی تاقیکردنەوەکە .
٤. دیاری کردنی سەرپەرشتیارێك یان لیژنەیەك بۆ پێوانەکردنی فێرخواز.
٥. دیاری کردنی شێوازی تێبینی کردنەکە .

## بونیاتنانی تاقیکردنەوەکان :-

بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی باش و سەرکەوتوو پێویستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بە ئاکام بگەیەنرێت:-

### یەکەم :- دیاری کردنی ئامانجە گشتیەکانی تاقیکردنەوەکە :-

ئەم جۆرە درێژخایەنە کاتی زۆر دەوێت بۆ ئەنجامدانی دابەش دەکرێت بەسەر چەند دەستەواژەیەکی گشتی و ئامانجە پەروەردەییە گشتیەکانی پرۆگرامی خوێندن، لە کاتی دانانی تاقیکردنەوە، دەبێت ئەو ئامانجانەی کە دەکەوێتە سنوری تاقیکردنەوەکە دیاری بکرێت.

بە هەمان شێوە دەبێت ئامانجە تایبەتییەکانی ئەو بابەتە کە تاقیکردنەوەکە دەیگرێتەوە دیاری بکرێت.

### دووەم :- دیاری کردنی ئامانجە ڕەفتارییەکانی تاقیکردنەوەکە :-

ئامانجە ڕەفتارییەکانی هەر بابەتێك بە پێی پلانی ڕۆژانەی مامۆستاکان دەنوسرێت لە تیانوسی پلانەکەی تایبەت بە بواری زانیاری بە هەر شەش ئاستەکەیەوە، لەکاتی هەر تاقیکردنەوەیەك دەبێت مامۆستا ئەو ئامانجانە دیاری بکات کە دەیەوێت تاقیکردنەوەکەی بیگرێتەوە.

بۆ نمونە : مامۆستایەك ( ٤ ) بەش دەڵێتەوە ژمارەی پەڕەکانی بەم شێوەیە ﴿٢٠، ١٥، ١٠، ١٥﴾ بۆ بەشەکان بە پێی ڕیزبەندیان وە لە هەر بەشێك دەیەوێت تەنها بواری زانیاری پێوانە بکات و لە ( ٣ ) ئاستی یەکەم بەم شێوەیە :-

| بەش | ژمارەی پەڕەکان | یادکردنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ٢٠ | ٣٠ | ١٥ | ٥ |
| دووەم | ١٥ | ٢٠ | ١٠ | ٤ |
| سێیەم | ١٠ | ١٠ | ٨ | ٢ |
| چوارەم | ١٥ | ١٥ | ١٢ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٦٠ | ٧٥ | ٤٥ | ١٥ |

## سێیەم:- شیتاڵ کردنی ناوەڕۆکی بابەتی تاقیکردنەوەکە:-

واتە ئەو زانیارییە هەمە جۆرانەی کە دەبێت فێرخواز دەستی بکەوێت بەو ئاست و بوارەی کەلە ئاما نجەکانی فێرکردنی ئەو بابەتە دیاری کراوە، وە دەبێت مامۆستا لیستێك ئامادە بکات کە ئەو بابەتە سەرەکی و لاوەکیانە بەوردی بگرێتەوە وە هەروەها دیاری کردنی کێشی ڕێژەیی (الوزن النسبی) بۆ هەر بابەتێك بە پێی گرنگیان یان دیاری کردنی بە پێی ژمارەی لا پەڕەکان یان ژمارەی پرسیارەکان.

## چوارەم:- ئامادەکردنی خشتەی تایبە تمەند، (جدول المواصفات):-

بریتییە لەو هێڵکاریەی کە ناوەڕۆکی تاقیکردنەوەکان دیاری دەکات، وە مەبەست لێی هاوسەنگی کردنە لە تاقیکردنەوەکان، وە جەخت کردنە لەوەی کە پێوانەی ئاما نجەکانی بابەتە فێرکارییەکە دەکات کە بەدەست هاتوون، وە یارمەتی مامۆستا دەدات کە بە داد پەروەرانە پرسیارەکان دابڕێژێت، فێرخوازیش متمانەی بە داد پەروەری پرسیارەکان دەبێت.

## هەنگاوەکانی پێکهێنانی خشتەی تایبە تمەند (جدول مواصفات):-

١) دیاری کردنی ئەو بابەتەی کە دەتەوێت پێوانە بکرێت.
٢) دیاری کردنی ژمارەی بەشە وانە بۆ هەر بابەتێك.
٣) دیاری کردنی کێشی بابەتەکە لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەیەوە.

$$\text{کێشی بابەت} = \frac{\text{ژمارەی لاپەڕەکانی بەشێک}}{\text{ژمارەی گشتی لاپەڕەکان}} \times ١٠٠$$

٤) دیاری کردنی ئامانجە ڕەفتارییەکانی بابەتی خوێندن.

٥) دیاری کردنی کێشی ئامانجە ڕەفتارییەکان لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەیەوە.

$$\text{کێشی ئامانجەکان لە ئاستێك} = \frac{\text{ژمارەی ئامانجی ڕەفتاری لە ئاستێکدا}}{\text{ژمارەی گشتی ئامانجە ڕەفتارییەکان}} \times ١٠٠$$

٦) دیاری کردنی ژمارەی پرسیارەکان بۆ هەر بابەتێك لە هەر ئاستێك لە ئاستەکانی ئامانجە ڕەفتارییەکان، بە پێی ئەم هاوکێشەیە.

ژمارەی پرسیاری بابەت = کۆی ژمارەی پرسیارەکان × کێشی بابەت × کێشی ئامانجەکانی بابەت

نموونە:- خشتەیەکی تایبە تمەند ( جدول مواصفات ) ئامادە بکە بۆ بابەتی مێژووی هونەر لە بەشەکانی ﴿یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم﴾ کە بەشی یەکەم "( ١٢ ) لاپەڕە، دووەم ( ٥ ) لاپەڕە، سێیەم ( ١٥ ) لاپەڕە، چوارەم ( ١٨ ) لاپەڕە" کە سەرجەمی هەموویان دەکاتە ( ٥٠ ) لاپەڕە.

**یەکەم/ کێشی بابەتی ناوەڕۆك** = $\frac{\text{ژمارەی لاپەڕەکانی بەشێك}}{\text{ژمارەی گشتی لاپەڕەکان}}$ × ١٠٠

**کێشی بابەتی بەشی یەکەم** = $\frac{١٢}{٥٠}$ × ١٠٠ = ٢٤% **دەبێت بە** ٠،٢٤

**کێشی بابەتی بەشی دووەم** = $\frac{٥}{٥٠}$ × ١٠٠ = ١٠% **دەبێت بە** ٠,١٠

**کێشی بابەتی بەشی سێیەم** = $\frac{١٥}{٥٠}$ × ١٠٠ = ٣٠% **دەبێت بە** ٠, ٣٠

**کێشی بابەتی بەشی چوارەم** = $\frac{١٨}{٥٠}$ × ١٠٠ = ٣٦% **دەبێت بە** ٠،٣٦

**ژمارەی ئامانجەکان بۆ هەر ئاستێك بریتیە لە یادکردن ( ٥٠ ) تێگەیشتن ( ٣٠ ) جێبەجێکردن ( ٢٠ ).**

**دووەم/ کێشی ئامانجەکان لە هەر ئاستێکدا** = $\frac{\text{ژمارەی ئامانجی ڕەفتاری لە ئاستێکدا}}{\text{ژمارەی گشتی ئامانجە ڕەفتارییەکان}}$ × ١٠٠

**ئاستی یادکردنەوە** = $\frac{٥٠}{١٠٠}$ × ١٠٠ = ٥٠% **دەبێت بە** ٠,٥٠

**ئاستی تێگەیشتن** = $\frac{٣٠}{١٠٠}$ × ١٠٠ = ٣٠% **دەبێت بە** ٠,٣٠

**ئاستی جێبەجێکردن** = $\frac{٢٠}{١٠٠}$ × ١٠٠ = ٢٠% **دەبێت بە** ٠,٢٠

**سێیەم/ دیاری کردنی ژمارەی پرسیارەکان بە پێی بەشەکان = ئەگەر هاتوو ژمارەی پرسیارەکان (٧٠) برگە بێت.**

**کەواتە :-**

**ژمارەی پرسیارەکانی ئاستی یادکردن بۆ بەشی یەکەم = ٠,٢٤ × ٠,٥٠ × ٧٠ = ٨,٤٠ نزیکەیی ٨**

**بۆ بەشی دووەم = ٠,١٠× ٠,٥٠ × ٧٠ = ٣,٥٠ نزیکەیی ٤**

**بۆ بەشی سێیەم = ٠,٣٠×٠,٥٠×٧٠ = ١٠,٥٠ نزیکەیی ١١**

**بۆ بەشی چوارەم = ٠,٣٦ × ٠,٥٠ × ٧٠ = ١٢,٦٠ نزیکەیی ١٣**

**کۆی پرسیارەکان= ٣٦**

**ژمارەی پرسیارەکانی ئاستی تێگەیشتن بۆ بەشی یەکەم = ٠,٢٤ × ٠,٣٠ × ٧٠ = ٥,٤ نزیکەیی ٥**

**بۆ بەشی دووەم = ٠,١٠ × ٠,٣٠ × ٧٠ = ٢,١ نزیکەیی ٢**

**بۆ بەشی سێیەم = ٠,٣٠ × ٠,٣٠ × ٧٠ = ٦,٣ نزیکەیی ٦**

**بۆ بەشی چوارەم = ٠,٣٦ × ٠,٣٠ × ٧٠ = ٧,٥٦ نزیکەیی ٨**

**کۆی پرسیارەکان= ٢١**

**ژمارەی پرسیارەکان بۆ ئاستی جێبەجێکردن بۆ بەشی یەکەم = ٠,٢٤ × ٠,٢٠ × ٧٠ = ٣,٣٦ نزیکەیی ٣**

**بۆبەشی دووەم = ٠,١٠ × ٠,٢٠ × ٧٠ = ١,٤ نزیکەیی ١**

**بۆ بەشی سێیەم = ٠,٣٠ × ٠,٢٠ × ٧٠ = ٤,٢ نزیکەیی ٤**

**بۆ بەشی چوارەم = ٠,٣٦ × ٠,٢٠ × ٧٠ = ٥,٤ نزیکەیی ٥**

**کۆی پرسیارەکان= ١٣**

کۆی گشتی پرسیارەکان: ٣٦ + ٢١ + ١٣ = ٧٠ پرسیار

| بەش | ژمارەی پەڕەکان | یادکردنەوە | تێگەیشتن | جێبەجێکردن | کۆ ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ٪٢٤ | ٨ | ٥ | ٣ | ١٩ |
| دووەم | ٪١٠ | ٤ | ٢ | ١ | ١١ |
| سێیەم | ٪٣٠ | ١١ | ٦ | ٤ | ١٤ |
| چوارەم | ٪٣٦ | ١٣ | ٨ | ٥ | ٢٦ |
| کۆی گشتی | ٪١٠٠ | ٣٦ | ٢١ | ١٣ | ٧٠ |

## سودەکانی خشتەی تایبە تمەندی ( جدول مواصفات ):-

١- یارمەتیدەرە بۆ داڕشتنی پرسیارەکان بە پێی قەبارەی بابەتەکە.

٢- پێدانی کێشی ڕاستەقینە بۆ هەر بەشێك لە بەشەکانی بابەتەکە.

٣- دروستکردنی هەستی باش لەلای فێرخواز و دڵنیا بوونی کە پرسیارەکان گشت ناوەڕۆکە فێرکاریەکە دەگرێتەوە.

٤- بەدیهێنانی ڕاستی و دروستی بە لە ناوەڕۆکی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە.

٥- متمانە لای فێرخواز دروست دەکات کە پرسیارەکان داد پەروەرانە داڕێژراوە.

٦- هۆکارێکی بەهێزە بۆ پێوانەکردنی ئاستەکانی مەعریفی و ویژدانی و جوڵەیی فێرخواز.

## پێنجەم:- دیاری کردنی جۆر و ژمارەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە:-

لەبەر ئەوەی لە زۆربەی تاقیکردنەوەکان ناتوانرێت گشت ئاما نجە ڕەفتارییەکان پێوانە بکات، بۆیە پێویستە نموزجێکی نمونەیی لەو ڕەفتارانە هەڵبژێرێت و پرسیاری لەسەر دابنرێت.

**شەشەم:-** داڕشتنی پرسیارەکان بە وردی و ڕوون بە پێی هەر جۆرێکی دیاری کراو بۆ هەر ئاما نجێکی گونجاو.

**حەوتەم:-** دانانی ڕێنمایی تاقیکردنەوە.

**هەشتەم:-** تاقیکردنەوەیەکی سەرەکی.

**نۆیەم:-** ئەزموونکردنی تاقیکردنەوەکە بەسەر نمونەی توێژینەوە یان فێرخوازان.

**دەیەم:-** ڕاستکردنەوەی تاقیکردنەوەکە.

**یانزەیەم:-** شیتەڵکردن و ئە نجامدانی و دۆزینەوەی هەندێك لایەنی تایبەت.